# ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە

**ID No. 334**

(PP 205 - 221)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.11

**سیروان واحد خضر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

Sirwan.khzhr@su.edu.krd

**فەرهەنگ مظفر محەممەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

farhang.muhamad@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/05/31**

**پەسندکردن : 2022/07/31**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەییە لە ژێر ناونیشانی ( ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە )، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و دەرخستنی سیستەمە شاراوەکانی نێو ڕۆمانەکە، ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە ڕەوتە تیۆرییە نوێیەکانی دنیای ڕەخنەی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەکەمان لە پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بەلایەنی تیۆری، لەم بەشەدا هەوڵدراوە بە وردی تیشک بخرێتە سەر چەمک و پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتووری، و پێناسەکردنی سیستەم و سیستەمی کولتووری، بەشی دووەم تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی، ئەویش بە دەرخستن و شیکردنەوەی ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا ) و ئاشکراکردنی سیستەمەکانی نێو ڕۆمانەکە لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە، دواتر ئەنجامەکان بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، لەگەڵ پۆلێنکردن و ریزبەندکردنی سەرچاوەکان، لە کۆتاییشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕدراون.

**کلیلە وشە:** ڕەخنەی کولتووری، سیستەم ، سیستەمە کولتوورییەکان، ڕۆمانی هۆتێل ئەوروپا.

## ١- پێشەکی

ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی دنیای پۆستمۆدێرن، ئەم تیۆرە جیاواز لە تیۆرەکانی تری ڕەخنە دەردەکەوێت، کە تیایدا مەبەستیەتی بچێتە نێو ناواخن و ڕووچوون بە نێو دەقی ئەدەبیدا تاکو لەوێوە سیستەمە شاراوەکانی بونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەم دەقە بدۆزێتەوە، و بیانخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەرچەندە پرسی ڕەخنەی کولتووری لە نێو لێکۆڵینەوە کوردییەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی پێنادرێت کە شایەنی باسکردن بێت، جگە لەمەش ئەم تیۆرە ڕەخنەییە هەوڵدەدات تەواو بە نێو هەموو دەقێکدا گوزەر بکات، هەروەها لە نێو بوارەکانی تریشدا پەلدەهاوێژێت، تەنها مەبەستی نێو دنیای ئەدەب نییە، بگرە لە لایەنی هونەر، وێنەکێشان، شانۆ و تەواوی بوارە زانستە مرۆڤایەتییەکان هەوڵی ڕژددەدات تاکو بگات بە ئامانجی خۆی، زەمینە سازییەکی تەواو دەکات تاکو گوتارێکی ڕەخنەیی یەکگرتوو بخاتەڕوو، دەقی ئەدەبیی کوردی لە ژێر کاریگەریی چەندین سیستەمی کولتووری جیاوازدا دێنە بەرهەم، ئەم سیستەمانەش لە نێو دەقدا بەشێوەی ئاشکرا و شاراوە دەردەکەون، هەوڵی لێکۆڵەر ئەوەییە کە بتوانێت ئەو سیستەمە کولتوورییانە بدۆزێتەوە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەییەدا هەوڵمانداوە بە شێوەییەکی زانستیی ئەم تیۆرە ڕەخنەییە بناسێنین و لە هەمان کاتدا بەسەر دەقی ڕۆماندا پراکتیزەی بکەین.

**-ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە** ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان (ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتووریەوە )، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین، لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتووریەوە دەستنیشانی سیستەمەکانی نێو ڕۆمانەکە بکەین.

**-سنوری لێکۆڵینەوەکە** سنوری لێکۆڵینەوەکەمان ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)ی نووسەر و شاعیر (فەرهادپیرباڵ)ە لەچوارچێوەی ئەم ڕۆمانەدا هەوڵمانداوە کە ڕەخنەی کولتووری پراکتیزە بکەین.

**-ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

بەپێی سروشتی لێکۆڵینەوەکەمان هەوڵدراوە پشت بە میتۆدی ( کولتووری ) ببەسترێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە هەندێک حاڵەتدا، لەچوارچێوەی میتۆدی سەرەکی خۆی دەردەچێت و پەلدەکێشێت بۆ میتۆدەکانی تریش، بۆیە هەوڵمانداوە بۆ ئەم مەبەستە لە پاڵ میتۆدی سەرەکی، پەنا ببەینە بەر بەکارهێنانی میتۆدی ( تەواوکاری ).

**-بایەخی لێکۆڵینەوەکە**

بایەخی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە تاکو ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمییەکان لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لەم جۆرە نەکراوە دەربارەی ڕەخنەی کولتووری لەڕۆماندا، ئێمە هەوڵمانداوە بە سەرنجدانێکی زانستیانە ڕەخنەی کولتووری بخەینە بەرباس و پراکتیزەکردن لە ڕۆماندا، چونکە ئەم تیۆرە ڕەخنەیە نوێیە لەپراکتیکیدا بایەخی پێنەدراوە.

**-گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە**

گرفتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە، نەبوونی کۆدەنگی تەواو لەسەر بەکارهێنانی زاراوەیەکی کوردی بەرامبەر زاراوەی (سیستەم)ی ئینگلیزی و ( نەسەق )ی عەرەبی، بۆیە ئێمە بە باشمان زانی کە هەمان زاراوەی ( سیستەم ) لە لێکۆڵینەوەکەمان بەکاربهێنین، چونکە هەم زیاتر ئاشنایە و تا ئێستا لە زۆرێک لە بوارە جیاوازەکان بەکارهاتووە، و لە هەمان کاتدا لە زمانی کوردی هیچ وشەیەکی پڕبەپێستمان نییە بەرامبەر ئەم زاراوەیە بەکاریبهێنین بەتایبەت لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەیەکاندا.

**-پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە**

سروشتی لێکۆڵینەوەکە وای خواستووە، کە جگە لە پوختە و پێشەکی، لێکۆڵینەوەکە بەسەر چەند باسێکی لایەنی تیۆری و پراکتیکی دابەش ببێت، سەرەتا ناساندنی چەمک و پێناسەی ڕەخنەی کولتووری و مێژووی پەیدابوون و چەمک و پێناسەی سیستەم و سیستەمی کولتووری، هەروەها باسی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەمان، ئەویش ڕاڤەکردن و خستنەڕووی ڕۆمانەکە و دەرخستنی سیستەمە کولتوورییەکانن، لە کۆتایشدا پوختەی ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە ڕوو کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەماندا پێیگەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان.

**٢-چەمک و چیەتیی ڕەخنەی کولتووری**

ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە دوایین ڕەوتە ڕەخنەیی و مەعریفییەکان، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، وەک بەرپەچدانەوەیەک بۆ ڕەوتە ڕەخنەییەکانی پێش خۆی سەریهەڵدا، بەتایبەت ئەو ڕەوتە ڕەخنەییانەی کە زیاتر لە لایەنی زمانەوانی و دەرخستنی لایەنی هونەری و جوانیناسییەوە کاریان لەسەر دەقی ئەدەبی دەکرد، بەم شێوەیە ڕەخنەی کولتووری لە پێناو توێکارییەکی هونەری بۆ دەقی ئەدەبی، لەسەر گەڕان و لێکدانەوەی ئەو کولتوورە چەسپاوانە کاردەکات، کە بەسەر دەقی ئەدەبیدا زاڵن، بەڵام نەک بۆ زەقکردنەوەی ناکۆکی و دژیەکەکان لە دەقدا، بەڵکو کاردەکات بۆ دەرهێنانی قاڵبە کەلتوورییەکان، جا ئەو قاڵبانە لە ژێر کاریگەری کولتوورە چەسپاوەکان بێت یان پەراوێزخراوەکان لە نێو دەقی ئەدەبیدا، هەروەها پێگەی ئەو کولتوورانەی لە چوارچێوەی دەرەکییدا کاریگەرییان بەسەر دەقی ئەدەبیدا هەیە دەستنیشاندەکات.

تاکو ئێستا چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ڕەخنەی کولتووری کراون، لەو بارەیەوە ڤینسنت لیتش (Vincent Leitch) کە یەکەم کەس بوو ڕەخنەی کولتووری بەکارهێناوە دەڵێت: (( جۆرە ڕەخنەیەکە، کە بونیادگەری و پاش بونیادگەری، نوێگەری و پاش نوێگەری، تێدەپەڕێنێت بەرەو ڕەخنەیەک کە سۆسیۆلۆجیا و مێژوو و سیاسەت و کاری دامەزراوەیی بەکاردێنێت بە بێ ئەوەی دەستبەرداری میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ببێت)) (خەلیل، ٢٠١٧: ٢١٣)، لەلایەکی تر ئارثەر ئیزابرجر (Arthur Asa Berger) بەم شێوەیە

پێناسەی ڕەخنەی کولتووری دەکات ((ئەم ڕەخنەیە بە یەک شێوە لە چەندین بواری کولتووری دەکۆڵێتەوە، بەڵام بە تەواوەتی کردە هزرییەکان، بوارەکانی شوێنەوارناسی، تیۆری دەروونناسی، تیۆری مارکسی، کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجیا ڕووندەکاتەوە لە نێو دەقی ئەدەبیدا)) (ایزابرجر، ٢٠٠٣: ٣٠)، ڕەخنەی کولتووری کاردەکات لە پێناو دەرخستنی ئەو هۆکارە دەرەکییانەی کاریگەرییان هەیە بۆ لە دایک بوونی دەقی ئەدەبی، لە هەمان کاتدا بە دوای بەها کولتووریەکاندا دەگەڕێت، کە دەقی ئەدەبی هەڵیمژیوون، جگە لەمە دەربارەی بوارە مەعریفییەکانی نێو دەقی ئەدەبیی بە دوای ڕێگەیەک دەگەڕێت, تاکو بەشێوەیەکی بونیادی کار بکات بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە کەلتوورییەکان، و بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی پێکهاتەکان و سیستەمە دامەزراوەییەکانی نێو دەق، و ڕیکخستنی بەشێوەی گوتاری ڕەخنەیی.

لەلایەکی ترەوە ( ئادمون ویسلۆن Edmund Wilson ) (١٨٩٥-١٩٧٢ ) دەڵێت: (( ڕەخنەی کولتووری لێکدانەوەی دەقی ئەدەبییە، لەلایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری )) (لیتش، ٢٠٠٠: ١٠٥)، ڕەخنەی کولتووری خۆی دەخزێنێتە نێو ئەو لایەنانەی کە لە دەقی ئەدەبی بەشداری دەکەن، و لێکدانەوەیەکی وردیان بۆ دەکات کە بوونەتە هۆی لە دایک بوونی دەقی ئەدەبی، ( تۆدۆرۆڤ *Todorov )*(١٩٣٩-٢٠١٧) لە ڕوانگەیەکی ترەوە لەم جۆرە ڕەخنەیە دەڕوانێت (( ئەدەب سنووری نییە، بۆی هەیە سوود لە هەموو میتۆد و کولتوورێک وەربگرێت بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەدەب و واقیع )) (لیتش، ٢٠٠٠: ١٤٧) لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەی کولتووری سنورێکی بەرفراوانی هەیە، و لە هەمان کاتدا دەتوانێت پشت بە چەندین میتۆد ببەستێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی ئەدەبی، تاکو لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع دەربخات، و لە هەمان کاتدا ئەدەب و کۆمەڵگە بخاتە نێو یەک بازنەی پەیوەندی..

هەروەها ڕەخنەی کولتووری توێکارییەکی هونەری بۆ دەقی ئەدەبی دەکات ((ئەم جۆرە ڕەخنەیە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەق، گوتاری ئەدەبی و هونەری جوانکاری شیبکاتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی کولتوور، سیاسەت، کۆمەڵایەتی و ئەخلاق) (Barker, 2004: 21)بەو پێیەی کە ڕەخنەی کولتووری دەتوانێت دەقی ئەدەبی بخاتە ژێر باڵادەستی خۆی، و هەروەها لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکات لە ژێر ئەو لایەنانەی کە دەبنە هۆکاری لە دایک بوونی دەق، واتا ئەو سیستەمە شاراوانەی کە بوونەتە هۆی پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکە، لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت گوتارێکی یەکگرتووی ڕەخنەیی دابمەزرێنێت، کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەقی ئەدەبی دەخاتە بەر باس و لە ژێر گوتارێکی یەکگرتوو دەیانخاتەڕوو، جگە لەمە ڕەخنەی کولتووری خۆی دەخزێنێتە نێو ئەدەبی میللی و حیکایەتیشەوە (( شیکاری دەقی ئەدەبی دەکات بە ئەدەبی میللییەوە، و شێوە هونەرییەکانیان دەردەخات، لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵناسی، هزری فەلسەفی و مارکسی )) (اصطیف، ٢٠١٧: ٢)، کەواتە ڕەخنەی کولتووری تەنها لە چوارچێوەی ئەدەبی باڵادا نامێنێتەوە، بەڵکو لە ئەدەبی میللیش دەکۆڵێتەوە، و هەوڵدەدات هەموو لایەنە هونەرییەکانی دەق بخاتە بەر باس و لێکدانەوەی ورد، بەو پێیە ڕەخنەیەکە چینە جیاوازەکان لە نێو دەقی ئەدەبیدا شیدەکاتەوە.

زۆر ئەستەمە ڕەخنەی کولتووری سنورداربکەین، چونکە هەر چالاکییەکی ڕۆژانە لە هەر بوارێکی جیاوازدا بێت کولتوورێکە بۆ خۆی، لەلایەکی تر هەندێک لایەنی دەقی ئەدەبی ناڕوون و تاریکن، ڕووبەڕووی کێشمەکێش دەبنەوە، بۆیە بەشێوەیەکی فراوانتر حەقیقەتی دەقی ئەدەبی نیشان دەدات، و دەیخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی بەردەوام تا لەوێوە بە لایەنێکی جوانیناسی سیستەمەکان بگات، ئەمیش لە چوارچێوەی گوتارێکی ڕەخنەیی، لەم بارەیەوە ( رۆلان بارت )دەڵێت: (( ئەوەی ڕەخنەی کولتووری، لە تیۆرەکانی تر جیادەکاتەوە ، جەختکردنەوەی بنەڕەتییە لەسەر سیستەمەکانی ئاخاوتن و سیستمەکانی ئاشکراکردنی دەق، نەک تەنها جوانیناسی))(E.Cain, 2017:157)، دەقی ئەدەبی، تەنیا لافاوێکی هەستی و وێنای شیعریی نییە، بەڵکو قاڵب و سیستەمە نادیارەکان، کە ڕەنگدانەوەی نێو دەقی ئەدەبییە دەردەخات، و لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەدا کلێشە کولتوورییەکان خۆیان ئاشکرا دەکەن، ڕەخنەی کولتووری بە ڕێبازێکی ڕەخنەیی شوێنەواری کاردەکات، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە داتای زانستە مرۆڤایەتییەکان، بۆ لێکۆینەوە لەو سیستەمە دیار و نادیارانەی، یاخود ئەو سیستەمانەی کە فەرامۆشکراون، کە زۆربەی کات وەک بەڵگەیەکی نادیار گوزارشت لە قووڵایی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، مرۆڤناسی، دەروونی، سیاسی و فکری دەکەن.

بەهای دەقی ئەدەبی لە نێو پانتایی ڕەخنەی کولتووریدا، لە قوڵبوونەوە و ئاشکراکردنی باکگراوندی دەقدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە بەهای کولتووری وەرگیراوی ئاماژەپێکراو دەربخات، لەم بارەیەوە (ستیڤن چیرنبلات Stephen Jay Greenblatt ) (١٩٤٧- ) دەڵێت: (( ڕەخنەی کولتووری بە دوای گەڕاندنەوەی بەها کەلتورییەکان دەگەڕێت، کە دەقی ئەدەبی هەڵیمژیووە)) (bradford j. hall, 2018: 384)، دەقی ئەدەبی بەرهەمی بیر و خەیاڵی نوسەرە، کەواتە هیچ دەقێک بێ بەها نییە، بەڵکو توخمێکی بنچینەیی هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگەیە، بۆیە ڕەخنەی کولتووری چڕکردنەوەی ئەو پرسیارانەیە سەبارەت بە فۆڕماتە نادیار و ناڕوونەکان دەخرێنە ڕوو، ڕەخنەی کولتووری مەبەستیەتی مەرج و فاکتەرە کاریگەرەکان شیبکاتەوە کە دەقی ئەدەبی ئاڕاستە دەکات، چونکە ئەدەب هاوکێشەی کردارە گرنگە کولتوورییەکانە لە نێو کۆمەڵگەدا، پشت بە ئیستاتیکای دەق نابەستێت و هەوڵدەدات تێبگات کە ئاخۆ لە دوای دەقەوە چی دەگوزەرێت، بەتایبەتی بە دوای ئەزموونی زیندوودا دەگەڕێت، کە دەقەکەی پێکهێناوە، لێکۆڵینەوەیە لەو سیستەمانەی لە دەقی ئەدەبیدا چەسپێنراون، دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان و ژینگە و دەسەڵاتی مەعریفی و ڕۆڵی لە بنیاتنان و شێوەدانان و شێوازی دەقەکە ئەرکی ڕەخنەی کولتوورییە.

لە ئەنجامی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕەخنەی کولتووری وەک هێما و میتافۆر مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەکات، بەڵام نەک بۆ دەرخستنی لایەنی جوانیناسی، بەڵکو دەرخستنی ئەو قاڵبە کولتوورییانەی لە ئەنجامی کۆمەڵێک

چوارچێوەی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی، فەرهەنگی، و مرۆیی لە نێو دەقدا خۆیان حەشارداوە وەک فۆرماتێکی کولتووری، هەروەها ڕەخنەی کولتووری کاردانەوەیەکە بۆ تیۆرەکانی تری ڕەخنە، بەتایبەت ئەو تیۆرانەی کە زیاتر کاریان دەکرد لە ناوەوەی زمان، بۆیە ڕەخنەی کولتووری بووە بە تێڕوانینێک بۆ بنیاتنانی بەدیلێکی سیستماتیکی نوێ بۆ گەڕان بە دوای قاڵبە کولتوورییەکانی نێو دەقی ئەدەبی، بە مەبەستی ژێرپێخستنی لایەنی ڕەوانبێژییەوە، چەمکی ڕەخنەی کولتووری فراوانە لە نێو چالاکییەکاندا، چ لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بێت یاخود کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا لە سنورە فکرییەکانی مرۆڤ ناوەستێت و بەڵکو هەنگاوی زیاتر بۆ نێو بوارە جیاوازەکان دەهاوێژێت، لە هەمان کاتدا بە ڕێژەییەکی تەواو سەیری دەقە ئەدەبییەکان، وێنەکێشان، پەیکەرسازی، مۆسیقا و بوارە جیاوازەکانی تریش دەکات.

**٣-پەیدابوون و گەشەکردنی ڕەخنەی کولتووری**

کاتێک بمانەوێت دەستنیشانی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتووری، و گەشەسەندنی بکەین، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتووری، دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان لەسەدەی هەژدەم یاخود سەردەمی ڕێنسانسی ئەوروپی، سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان پەیوەستبوو بە گرنگی دان و پێشکەوتنی زانستە مرۆڤایەتییەکانی ( کۆمەڵناسی، ئەنتروپۆلۆژی، سایکۆلۆژیا، مێژوو و فەلسەفە ... هتد)، دوابەدوای گەشەکردنی لێکۆڵینەوەکان لە بواری مرۆڤناسی و کۆمەڵایەتییدا، هەروەها بەشدارییان لە ناوەندی کولتووری، وایکرد کە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان زیاتر ڕوو لە گەشانەوە بکەن، ئەمەش وایکرد کە ڕووناکییەکی باشتر ببینێت و لە هەمان کاتدا ببێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ پەیدابوونی ڕەخنەی کولتووری.

یەکێک لە ئاماژە گرنگەکانی بواری ڕەخنەی کولتووری، ڕەخنەگر و بیرمەندی ئەڵمانی ( تیۆدۆر ئادۆرنۆ ) Theodor W. Adorno(١٩٠٣-١٩٦٩ )، وتارێکی ڕەخنەیی بە ناوی (ڕەخنەی کولتووری و کۆمەڵگە ) لە ساڵی ( ١٩٤٩ )دا بڵاوکردەوە، لە وتارەکەیدا (( ڕەخنەیەکی توند ئاڕاستەی چالاکییە ڕەخنەییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەکات، بەو پێیەی ئەو جۆرە ڕەخنەیە سیمای بورژوازی هەڵگرتووە، و دووردەکەوێتەوە لە گیانی ڕاستەقینەی ڕەخنەگرتن، و پتر بە دوای ڕووکار و فۆرمی بابەتەکاندا دەچێت بۆیە داوا دەکات ڕەخنە فراوان بکرێت، و هەموو ڕەنگ و شێوە و چەشنەکانی کولتووری تیادا بەکاربهێنرێت و ڕەخنە بە قووڵی پرۆسە بکرێت )) (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٢٠١)، ئادۆرنۆ زۆربەی کات ڕامانەکانی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەخستەڕوو، دەربارەی ڕەخنەگری کولتووری دەڵێت: (( ڕەخنەگری کولتووری نارازییە لەو شارستانیەتەی کە ڕێگر دەبێت لە قسەکردن، بەڵکو هی ئەو جەوهەرەیە، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدا هەیە )) ( البازعی، ٢٠٠٢: ٣٠٧)، لەلایەکی تر نوسەر و ڕەخنەگری بەریتانی (ریتشارد هۆگارت Richard Hoggart )(١٩١٨_٢٠١٤) لە کتێبی ( سوودی فێربوون ) کە لە ساڵی ( ١٩٥٧ )دا بڵاویکردەوە، زیاتر تیشکدەخاتە سەر کولتووری جەماوەری، کولتووری چینی گشتی و ناوەندی ڕاگەیاندن لە بەریتانیا، بەتایبەتیش کە پێیوابوو ڕەخنەی کولتووری میراتی لە فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیا بۆماوەتەوە.

هەر لەم ڕوانگەییەوە فەیلەسووفی ئەڵمانی (یۆرگن هابرماس Jurgen Habermas )(1929-_ ) پێی وایە دەبێت زیاتر بایەخ بە ڕەخنەی کولتووری بدرێت، و بە شێوەیەک لەو ڕەوتە ڕەخنەییانە دەرچن کە زیاتر بایەخ بە لایەنی زمانەوانی دەدەن، بەتایبەت لە کتێبی ( ڕەخنەی کولتووری و دیالۆگی مێژوویی )، هەرچەندە نوسەر لەم کتێبەدا بە ڕوونی و دیار چەمکی ڕەخنەی کولتووری ڕوون نەکردۆتەوە، بەڵام بەشێوەییەکی گشتی ئاماژە بەوە دەکات، کە کێشە کولتوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی جار لە کۆمەڵگەکان دەستینشاندەکرێن بەهۆی کاپیتالیزمەوەیە، لە هەمان کاتدا هانی کۆمەڵگە دەدا بۆ زیاتر برەودان بە کولتوور، و هەوڵیش دەدا تیۆری ڕەخنەیی و سیاسەت بە یەکترەوە ببەستێتەوە، هەروەها مێژوونووس ( هیدن وایت Hayden V. White( ) ١٩٢٨- ٢٠١٨ ) لە کۆمەڵە وتارێک دەربارەی ڕەخنەی کولتووری، بە ناونیشانی ( گوتاری ڕەوانبێژی ) لە ساڵی ( ١٩٧٨ ) دا بڵاویکردونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ((هیچ جیاوازییەک لە نێوان گوتاری ڕەوانبێژی نییە، لە نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەدەب، بەڵکو هەموویان لە بواری لێکۆڵینەوەدا جۆرێکن لە ڕەخنەی کولتووریی )) ( البازعی، ٢٠٠٢: ٣٠٦ ).

دەرکەوتنی ڕەخنەی کولتووری، بەشێوەییەکی زاراوەیی و لە ناوەندە ئەکادیمییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٦ )، بۆ یەکەمجار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی گۆڤاری ( ڕەخنەی کولتووری ) لە زانکۆی ( مینیسۆتا)، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە زمانناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ڕەخنەی فێمینیزم بەدەرکەوت، یەکەم گۆڤاری ئەکادیمی بوو، کە توانی بەشێوەیەکی باش بایەخ و گرنگی بدات بە ڕەخنەی کولتووری، و هەروەها بایەخدان بە

بوارە جۆربەجۆرەکانی کولتووری، دوابەدوای ئەمە ڕەخنەی کولتووری لە ڕێگەی بایەخدان بە زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زۆربەی زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگی پێدرا.

دەرکەوتنی ڕاستەقینەی ڕەخنەی کولتووری، بە شێوەیەکی سیستماتیکی لەسەر دەستی ڕەخنەگری ئەمریکی ( ڤینسنت لیتش )(Vincent Leitch) گەشەی کرد، کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا، کتێبێکی بەنرخی بە ناونیشانی ( ڕەخنەی کولتووری، تیۆری ئەدەبی پۆستمۆدێرن ) بڵاو کردەوە، بەمجۆرە ڤینسنت یەکەم کەس بوو کە تێرمی ڕەخنەی کولتووری داهێنا، کە پێی وابوو لەبەر ڕۆشنایی مێژوو، کۆمەڵناسی، سیاسەت و مرۆڤناسی ڕەخنەی ئەدەبی نزیک دەبێتەوە، هەروەها میتۆدۆلۆژیای ڤینسنت لەسەر بنەمای مامەڵەکردن بوو لەگەڵ دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی رەهەندە دامەزراوەکانی وەک مێژوو، سیاسەت و کۆمەڵگە، نەک لەڕوانگەیەکی جوانناسییەوە، یاخود لەڕێگای بینینێکی جوانیناسی بۆ ڕەخنەی کولتووری، بە بۆچوونی ڤینسنت پشت بەستن بە کۆکردنەوە و گەڕان بە نێو قاڵبە کولتوورییەکان، و هەڵسەنگاندنی سیستەمەکانی( پێرەوەکان)ی پەیوەندیکردن بە ناوەڕۆک و کاریگەرییەکانی لەسەر خوێنەر، کە لە چوارچێوەی ئەدەبدا نەریتە ڕەخنەییەکانی سنووردار کردووە، بۆیە دەرکەوتنی ڕەخنەی کولتووری بەشێوەیەکی تیۆری لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییدا بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی زانستیی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بڵاوبوەوە، ئەویش بە سود وەرگرتن لەو تیۆر و تەوژم و قوتابخانە ڕەخنەییانەی، کە پیشتر لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەبدا لێکۆڵینەوەیان دەکرد، بەتایبەتیش لە لایەن ڕۆلان بارت، میشێل فۆکۆ، ئیدوارد سەعید، هومی بابا، جاک دریریدا، جان فرانسوا لۆتار و ...هتد بڵاوبونەوتەوە.

**٤-چەمک و پێناسەی سیستەم ( systeme ):**

یەکێک لەو چەمکانەی لە زۆر بواری زانستیی جیاجیا بەکاردەهێنرێت سیستەمە، پێناسەکردنی بەسەر چەندین زانست دابەشکراوە، هەر بۆیەش بەپێی لۆژیکی بوارە جیاوازەکان، دەتوانرێت پێناسەی جیاواز بۆ سیستەم بکرێت، بەڵام لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا زیاتر بەکاردەهێنرێت، ئەم چەمکە لە ساڵانی دواییدا، لە نێو لێکۆڵینەوە ڕەخنەیەکاندا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی لە نێو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە زیاتر ئامانجیان دەرخستنی گوتاری ڕەخنەییە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، و بەتایبەتیش لە ڕەخنەی کولتووریدا، چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەخنەی کولتووری، بریتییە لە دۆزینەوە و ئاشکرا کردنی سیستەمە کولتووریەکانی نێو دەقی ئەدەبی، بەمەش لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی گوتارێکی ڕەخنەیی دێتەبەرهەم.

لە بنەڕەتدا سەرچاوەی ئەم زاراوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی ( sustēma ) ی یۆنانی کە بە واتای پێکهاتن، ڕێکخستن یان کۆ دێت، بەو مانایەی کە سیستەمێکی ئۆرگانی گشتگیرە، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر زاراوەی سیستەم ( system ) بەکاردێت، سەرەتا وەک مانایەکی سادە، بۆ تاکە سیستەمێک بەکاردەهات، وەک ئاماژەیەک بۆ ڕێکخستن و هەماهەنگی، کە کارلێکەکانی نێوان پێکهاتە و توخمەکان بە یەکتری دەبەستێتەوە، لەفەرهەنگی بیانی هاوچەرخدا وشەی (system) ئاماژەیە بەچەند نیشانەیەکی زمانەوانی، ئەدەبی و کولتووری، یان کۆمەڵێک توخم و پێکهاتە، بەپێی کۆمەڵێک بنەماو ڕێسای ستاندارد لەگەڵ یەکتردا کارلێک دەکەن. هەروەها لە لەنزیکەوە پەیوەندییان بە چوارچێوەی کۆمەڵگە و ژینگەی کولتوورییەوە هەیە، هەر ئەم کارلێکە پێکهاتەیەکی سیستەمی گشتگیر لە نێو خۆیاندا دادەمەزرێنن، بە درێژایی سنورێکی دیارکراو، ئەو توخمانە لە ناوەوە و دەرەوەی خۆیان بەپێی میکانیزمێکی لۆژیکی کارلێکدەکەن، هەندێکجار جۆرە سیستەمێکی ئامادەیی نێو کارلێکی توخمەکان دەبن ( sous-système ) بە واتای سیستەمی لاوەکی پەراوێزی دێت، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بە واتای یەکەی سیستەم دێت، زۆر جار ئەم سیستەمە بەوە ناسراوە کە داخراو یان کراوەیە، بە چواردەوری خۆیدا بەپێی ئەو سنورەی لە نێو دەقی ئەدەبی بۆی دیاریدەکرێت، و لەگەڵ توخمەکانی تر کارلێکدەکات.

یەکەم دەرکەوتنی چەمکی سیستەم لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر لیڤی شراوس Levi Strauss(١٨٢٩-١٩٠٢ )، لە لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، لە ساڵی ( ١٩٥٧ )دا، لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەم چەمکەی خستە نێو بواری کولتووری، هەروەها لە بواری زمانەوانیدا ( فێردیناند دی سۆسێر)، یەکەم کەس بوو لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا چەمکی سیستەمی بەکارهێناوە، پێیوایە کە (( زمان سیستەمێکە لە نیشانەکان کە گوزارشت لە سیستەمەکان دەکات ))( صبکان، ٢٠١٥: ١٧٩٨ ) ,سیستەم ،کۆمەڵێک بەشی پێکەوە گرێدراو و پەیوەندیدارن، لە هەمان کاتدا لە نێو خۆیدا تەواوکەری یەکترن،( تالکوت پارسونس Talcott Parsons) ( ١٩٠٢- ١٩٧٩ ) بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی سیستەم دەکات: (( سیستەمێکە لە تاکەکانی هەڵبەستراو پێکدێت، کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، و نیشانەیەکی داڕێژراون بۆ کولتوور، لە هەمان کاتدا واتای چەمکی سیستەم لە بنیاد فراوانترە )) ( بریور, ٢٠٠٧:

١٠٦ )، پێکهاتەیەکی گشتگیرە، وەک ئاماژەیەک بۆ کولتوور لە نێو کۆمەڵگەدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکترەوە هەیە، ( ولمان ) پێیوایە کە (( سیستەم کۆمەڵێک توخمن، کە سیستەمێکی دیاریکراویان هەیە، پەیوەندییان بە یەکتر هەیە، ڕووەدچنە نێو یەکتری، بۆ ئەنجامدانی کردارێکی تایبەت بۆ تاک )) (لالند، ٢٠٠١: ١٤١٧ )، هەموویان لە ژێر یەک چەتردا کۆدەبنەوە و گوتارێکی یەکدەنگی دروستدەکەن، ( کۆندیلاک ) وەها پێناسەی سیستەم دەکات (( سیستەمێکە، کە تیایدا بەشە جیاوازەکان پێکەوە بەشێوەیەکی دوولایەنە پشتگیری یەکتر دەکەن)) ( لالند، ٢٠٠١: ١٤١٧ )، ئەم چەشنە سیستەمە هەمیشە ئەگەر جیاوازیش بن، بەڵام پێکهێنەرن، و تەواوکەری یەکترن.

هەروەها ( ئیدیت کریسوێڵ ) پێیوایە ((سیستەم خۆبەڕێوەبەریی سەربەخۆییە، لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەستن بە بنیادی پێکهاتەکان )) ( کریزویل، ١٩٩٣: ٤١٥ ) وەک سیستەمێکی گشتگیر، هەموو توخمەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بەهاکانیان لە پەیوەندی و کارلێککردنیان دەردەخات، ( میشێل فۆگۆ ) دەڵێت: (( سیستەم پێکهاتەی شاراوەیە، لە زنجیرەکانی کرۆمۆسۆم لە زانستیی بایۆلۆژی دەچێت، ئەم زنجیرە هەڵگری کۆمەڵێک نیشانەی بۆماوەییە کە ڕێگە دەدات ئۆبجێکتی داهاتوو گەشە بکات، بۆیە سیستەمیش زنجیرەیەکە لە هێماکان و پەیام، کە پێکهاتەی زمانەوانیەکان و سیستەمی خودی زمانەکەن )) ( فوکو، ٢٠٠٦: ٨-٩ )، لە ڕوانگەی فۆگۆوە پێکهاتەی سیستەم پەیوەستە بە زمانەوە، ئەمەش تەنها سروشتی خۆی دەزانێت، لە نێوان هێما و پەیامدا، هەر ئەمەیە وا دەکات ئەو کۆمەڵە پێکهاتەیەی ناونراوە سیستەم لە نێو هێمای زماندا پەیامی خۆیان بگەیەنن، و لە هەمان کاتتدا پەسندن لە نێو شێوازە جیاوازەکانی زماندا، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر سیستەمێک ئاستی وزەی جیاوازی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە لە نێو کارلێککردنی بەردەوامی یەکتردا لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی خۆیان گونجانێکی بەردەوام دروستدەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین کە سیستەم کۆمەڵێک توخم و پێکهاتەن، بەپێی چەندین ڕێسای تایبەت کارلێک دەکەن لەگەڵ یەکتردا.

**٥-چەمکی سیستەمی کولتووری :**

دەتوانین چەمکی سیستەمی کولتووری، وەک ئەو توخمە پێکەوەبەستراو و کارلێک و جیاوازانە پێناسە بکەین، لە بواری ڕەخنەی کولتوورییەوە، یەکێک لە بنەماکانی ڕەخنەی کولتووری، بریتیە لە گەڕان بە دوای سیستەمە کولتوورییەکان لە نێو دەقی ئەدەبیدا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە سیستەمە کولتوورییەکان لە دوای سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتوورییەوە دەرکەوتن و گەشەیین کرد، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات، و هەوڵدەدات سیستەمە کولتوورییە شاراوەکانی نێو دەقی ئەدەبی بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەمەش لە پێناو بەرهەمهێنانی گوتارێکی ڕەخنەیی، (( ئەو سیستەمە کولتوورییانەن کە زیاتر داهێنراوی دەستی مرۆڤن، هاوکار دەبن لە ڕێکخستنی ژیان، ئەو سیستەمانە ئامادەی گۆڕانن لەسەردەمی جیاوازدا، بەپێی ژینگە و دۆخی گوزەرانی کۆمەڵگە )) ( یوسف، ٢٠١٠: ١٥١ )، کەواتە سیستەمە کولتوورییەکان لە نێو کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن، بەپێی دۆخ و سەردەم توخمەکانیان دەگۆڕێن، یاخود دەگونجێن، لە هەمان کاتتدا زۆر جار ئەم سیستەمە کولتوورییانە دەبنە دەسەڵاتێکی زاڵ بەسەر تاك و کۆمەڵگەدا،زانای ئەنترۆپۆلۆژی ئەمەریکی ( کلیفۆرد گێرتس ) سەبارەت بە سیستەمی کولتووری دەڵێت: (( سیستەمە کولتوورییەکان واتا ناوەندی هێزی زاڵی ئاین، سیاسەت، ئایدۆلۆژیا و زانستن)) ( کاظم، ٢٠٠٤: ١٠٢ )، کەواتا ئەو هێزە زاڵانە هەریەکەیان ناوەندێکی باڵایان هەیە لە کۆمەڵگەدا، هەمان ئەو سیستەمانەن دەبن بە هەژموونێکی باڵادەست بەسەر تاکدا، یاخود هەمان ئەو توخم و قاڵبە کولتوورییانەن کە لە نێو دەقی ئەدەبیدا کۆدەبنەوە، بەمەش سیستەمە کولتوورییەکان پێکدەهێنن، هەمان ئەو قاڵب و توخمە کولتوورییانەی کە لە نێو دەقی ئەدەبیدا شاراوەن، لێکۆڵەر لە ڕێگەی خوێندنەوە و توێژینەوەکانیدا، قاڵبە کولتوورییەکان دەردەخات، و بە دوایان دەگەڕێت، و لە گوتارێکی ڕەخنەییدا دەیانخاتە ڕوو.

**٦- پراکتیزەکردنی ڕەخنەی کولتووری و شیکردنەوەی سیستەمە کولتوورییەکان لە ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا )دا :**

بۆ دەستنیشانکردنی سیستەمەکان لە نێو ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا )، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، دوو جۆر سیستەم هەن کە لە نێو هەر دەقێکی ئەدەبییدا ڕەنگ دەدەنەوە، ئەوانیش سیستەمی شاراوە، و سیستەمی ئاشکران، ( هۆتێل ئەوروپا ) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە لە نێویدا چەندین سیستەم هەن، کە بوونەتە هۆی لە دایک بوونی، ئەوانیش سیستەمی ( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ئابووری، نامۆیی، شوێن و کات )، جگە لەمەش ڕەنگدانەوەی چەندین بارودۆخ و سەردەمی جیا جیا لە نێو ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت، مەبەستی ئێمە لێرەدا دۆزینەوەی ئەو سیستەمە کولتوورییانەن کە ڕۆمانەکە هەڵی مژیون، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: ڕەهەندی کولتووری ناونیشان:**

پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبی و ناونیشان پەیوەندییەکی بەردەوامییە، لە هەمان کاتتدا زۆرترین جار ئەم پەیوەندییە مشتومڕێکی زۆر دروستدەکات لە پێناو گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی دروست، ناونیشان خاڵی بنەڕەتی دەستپێکردنە، تاکو تێگەیشتنێکی واقیعی ببێتە هەوێنی گەیاندنی ڕووداوەکان بە خوێنەر، هەڵبژاردنی ناونیشان ڕێگەیەکی سانا نییە، بەڵکو کردارێکی داهێنانییە، چونکە نووسەر لە چرکە ساتێکی گرنگدا خۆی دەخزێنێتە نێو ڕووداوەکان و لەوێوە وێناکردنێکی دروست هەڵدەبژێرێت بۆ ناونیشانی ڕۆمانەکەی، بۆ خوێنەریش وەک دەرچەیەکی ڕاستەوخۆ وایە تاکو سەرنجی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چونکە وەک کلیلی کردنەوەی دەرگا وایە، کاتێک خوێنەر لەوێوە ڕوودەچێتە نێو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان، ناونیشان سەرەتای هەموو ڕۆمانێکە، چوارچێوەیەکی کراوەیە بە ڕووی خوێنەر، تا ئامادەیی هەبێت خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ ڕووداوەکان بکات، لە هەمان کاتدا بزوێنەری سەرەتاییە، ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا )ی نووسەر (فەرهاد پیربال )، ئاماژەیەکی نیشانەییە بۆ شوێن، نووسەر نایەوێت ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە شوێنی ڕووداوەکان بکات، بەڵامم دێت لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، بۆیە بە هەڵوەشاندنەوەی ڕووداوەکان، دەگەین بەو ئاراستەییەی کە لەودیو ناونیشانەوە چ دەگوزەرێت، ، (( ناونیشان سیستەمێکی سیمیۆلۆژیاییە، ئاماژەی زۆری هەڵگرتووە )) ( قطوس، ٢٠٠١: ٣٣ )، ناونیشان ڕەهەندی زۆری ئاماژەیی لە خۆی کۆدەکاتەوە، چونکە خودی ناونیشانەکە مەبەستەتێکە، سیستەمی شاراوەی ناونیشان ئاماژە و ڕەمزی تر لە خۆی هەڵدەگرێت، بەڵامم خۆی لە ڕاستیدا ئاماژەیەکە لێرەدا چەند پرسیارێک دێنێتە پێشەوە، ئایا نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ڕەمزی شوێنەوە ڕووداوەکان بگوازێتەوە؟ یاخود دەیەوێت لە ڕێگەی ئاماژە و ڕەمزەوە خوێنەر ئاشنای هەموو سنورەکان بکات؟ لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندی دەگەین بە وەڵامەکان ناونیشان کارێکی دەلالییە، ئاستی دەق پێکدەهێنێت، چونکە بۆ ئاشکراکردن و ڕووچونە نێو کۆدەکانی دەق سەرەتا لە ناونیشانەوە هەنگاو دەنێین.

کاتێک سەرنج دەدەینە ناونیشانی سەرەکی سەر بەرگی ڕۆمانەکە، و ناونیشانە لاوەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە، دەتوانین بە ئاسانی بگەین بە دەلالەتەکانی پشت ناونیشانەکان، لە هەمان کاتتدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە فەزای شوێن سنوردارە، وەک ئاماژەیەک بۆ هۆتێلێک لە وڵاتی فەرەنسا، بەڵام ئەم ڕۆمانە واقیعیەتی کەسایەتییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر ئەمەش وادەکات بگەین بەو ڕاستیەی، کە شوێن هێزی بزوێنەرە بۆ دۆزینەوەی دەلالەت، نووسەر لە ڕێگەی ناونیشانی (هۆتێل ئەوروپا)ەوە، وەک ئاماژەیەکی شوێن، کە چۆن جوڵە بە خوێنەر دەکات، لەوێوە ئاراستەی ئاماژەکان بدۆزێتەوە، بۆیە تێگەیشتن و پشکنینی کۆدەکانی ناونیشان، دەرگایەکی گەورە بە ڕووی تێگەیشتنێکی سادەی دەقەکەمان بەسەر دەکاتەوە، هەر ئەوە نییە لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەیەکی ئاسایی لە ناونیشانەوە بچینە نێو ڕووداوەکانی نێو دەق، بەڵکو تێگەیشتن لە دەلالەتی ناونیشان و دروست کردنی پرسیار و گومان دەگەین بە لێکدانەوەیەکی دروست بۆ تەواوی دەقەکە، وەک وتمان ناونیشان ئەرکێکی دەلالیی هەیە تاکو لەوێوەوە بگەین بە ناوەرۆکی دەق، نووسەر ڕاستەوخۆ کار لەسەر واقیعیەتی ژیان ناکات لە ئەوروپا، بەڵکو لەرێگەی بوون بە پەناهەندە ئینجا هەست بە ئازار و ناخۆشییەکانی تاراوگە دەکەین، ئەو دێت دەلالەتی دوای هۆتێل ئەوروپا هەمووی لە نێو بن نیشتمانی کۆدەکاتەوە، چونکە هەر کام وڵاتێکی ڕۆژئاوایی یان هەر جێگایەک جگە لە نیشتمانی خۆت، وەک میوانخانەیەک وایە، و لە هەمان کاتتدا وەک میوان مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، هەرگیز ناگەیت بە ناسنامەی ئەم شوێنە، بەها و کەسایەتی خۆیان تەنها لە نیشتمانی خۆیان هەیە، لە هەمان کاتتدا مەبەستیەتی ناسنامەی کەسایەتی لە دەرەوەی خاک و نیشتمان هێندە گرنگ نییە، وەک ئەوەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بیری لێدەکاتەوە، چونکە کولتوور و جیاوازی بیروڕای ڕۆژئاوایی جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، ڕەهەندێکی تری ئاستی دەلالی لە ناونیشانەکە ئەوەیە، کە واقیعیەتی ئەوروپا لە ژێر ناونیشانی هۆتێلێک دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، چونکە لە تێگەیشتنی گشتیدا پەیامێک بە گوێی خوێنەر یان لێکۆڵەر دەچرپێنێت، کە ئەوروپا هەمان ئەو ژیانە نییە یان چێژ و خۆشییە نییە، کە باس دەکرێت، تا نەچینە نێو واقیعیەتەکە ناتوانین لە ڕاستییەکان بگەین، کۆکردنەوەی تەواوی کار و پیشەکان لە نێو خودی ڕووداوەکان، ئەمەش دەلالەتی ناونیشانەکەمان زیاتر لا ئاشنا دەبێت، کەواتا ژیان بە گشتی لە سەر زەویدا کۆتایی پێدێت، و مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت وەک میوان و کەسێکی نامۆ وایە، لە کۆتاییدا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنی ڕاستەقینەیی خۆی، و لەوێوە بە ناسنامەی خۆی ئاشتبێتەوە.

**دووەم: سیستەمی سیاسیی:**

یەکێک لە ئامانجەکانی ئایدیۆلۆژیا، بەرگری کردنە لە بیروباوەری تاکەکەسی، و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری، لە پێناو گۆڕینی کەسایەتی و سیستەمی سیاسی، لە ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا )دا، سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی ڕوون بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتیش هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەم ڕۆمانە سیاسییە، لە باکگراوندی کاراکتەرەکانەوە ڕەنگدەداتەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی بەعس و سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، لە ساڵانی هەشتاکان، و لە هەمان کاتدا چەوساندنەوەی خەلکی لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لەسەر بیروڕای سیاسی و ئایدیۆلۆژیای جیاواز کە هیچ جیاوازی نەکردووە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتدا، ((بابەتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی شاراوە، یان ڕوون یاخود بەشێوەیەکی ڕەمز زاڵەبن بەسەر ڕۆماندا، مەرج نییە نووسەر ئایدیۆلۆژیایەکی لایەنێکی سیاسیی هەبێت، بەڵکو دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە سیاسەتی زاڵ لە ڕۆماندا نمایش بکات ))( وادی، ٢٠٠٣: ١٢)، نووسەر لە ڕۆماندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە بابەت و بیروبۆچوونی سیاسی دەدات، سیاسەت لە نێو ڕۆمانەکەدا، تەرکیزکردنێکی هزری و جوانیناسیە، کە ڕۆماننووس پەنای بۆ بردووە، بەتایبەتیش دوو ڕووداوی جیاوازی لە نێو یەک بازنەی سیاسیدا جێکردۆتەوە، کە کات و شوێنێکی جیاوازیان هەیە، لەهەمان کاتدا هەم وڵات و هەم نەتەوەی جیاواز، ڕووداوی جەنگ و بیروڕای سیاسی دوو کەسی کردوون بە ئاوارە، و پەناهەندە لە وڵاتی فەرەنسا، ئەوانیش (فەرهاد) و ( محەمەدی حاجی زادە )یە، کاتێک ( فەرهاد ) بڕیاری جێهێشتنی وڵات دەدات، تاکو خۆی بە دووربگرێ لە خزمەتی سەربازی بۆ ئەو ڕژێمەی کە هەموو کاردانەوەکانی پڕن لە زوڵم و زۆرداری، بەتایبەتی دژ بە نەتەوەی کورد، وەها باس لە هۆکارەکەی دەکات (( لە ساڵی ١٩٨١دا واتە لە دەسپێکی شەڕی عێراق و ئێراندا لە دەست سەربازی ڕام کردبووە ئێران... پاشان لە ڕێگەی سوریاوە چوو بوومە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا، چۆنیش لەوێوە دوای ساڵێکی ڕەبەق چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی بە قاچاخ سنووری ئەڵمانیام بڕیبوو و خۆم گەیاندە فەڕەنسا )) ( پیرباڵ, ٢٠٢٠: ٧٧-٧٨)، ڕازی نەبوون و بەرپەچدانەوە دژی دەسەڵاتێکی دکتاتۆر، و هەڵگەڕانەوە لە بڕیارەکانی پەسندترین بڕیاربووە، تا لەوێوە دەرچەیەک بدۆزێتەوە، و خۆی لە نێو ئەو واقیعیەتە شەڕانگێزیەدا بدزێتەوە و چەندین وڵات ببڕێت، تاکو بتوانێت ئارامیەکی ڕوحی و جەستەیی بەدەستبهێنێت.

لەلایەکی تردا ( محەمەد حاجی زادە )، سیاسەتی ئێران بە گونجاو نازانێت، هەر لەبەر ئەوەشە ڕایکردووە، وەک خۆی باسی دەکات (( من ڕام وابوو کە دەبێت دین لە دەوڵەت تاڕادەییەک جودا بکرێتەوە، ئێمەی مەڵاو پیاوانی دین نابێ هێندە کارمان بەسەر سیاسەتەوە هەبێ، هەموو نەتەوەکانی غەیرە فارس دەبێ مافی کولتووریی خۆیان هەبێ.. ئەمانەشم بە ئاشکرا لە ناو غودبەکانمدا و لە ناو خەڵکدا باس دەکرد، نەمدەشاردەوە )) ( پیرباڵ, ٢٠٢٠: ١١- ١٢ )، ئەو بیروباوەڕانەی کە مرۆڤ پێویستە بە ئاشکرا باسیان بکات، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازێت، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگەیەی کە باوەڕی بە ئازادی نییە، و لە هەمان کاتدا لەسەر بیروباوەڕی جیاواز خەلکەکەی دەچەوسێنێتەوە، یاخود زیندانی دەکات، یان بە هەر ڕێگەیەک لە ڕێگاکان دەمکوتی دەکات، لێرەدا هەردوو کاراکتەر لەو باوەڕەدان، مرۆڤایەتیی لە پێش هەموو شتێکەوەیە، چونکە ئەوان دژی هەندێک شت دەجەنگن، کە هەم وێرانکاری بەدواوەیە، و هەمیش کاریگەری دەبێت لەسەر تاک بۆ ئەوەی لە ژیاندا ئازادانە بیرنەکاتەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی دیکتاتۆری باڵ بەسەر بیروباوەڕەکانیان بسەپێنێت، و نەهێڵن لەم بازنەییەدا زیاتر هەنگاو بنێن، هەر ئەمەش وایکردووە هەڵوێستی کاراکتەرەکان هۆشیارانە بێت.

هەروەها ململانێی دەسەڵات، و زاڵبوونی لە جیهانی پۆستمۆدێرندا، بەتایبەتیش دەسەڵاتی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵاتتدا، یەکێکە لە سیستەمە شاراوەکانی نێو ڕۆمانەکە، ئەم ملّملانێیە بەشێوەیەکی ناڕوون ئاماژەی پێکراێت، بەڵام نووسەر لە ڕێگەی کاراکتەرەکانەوە، دێت ئەو جەمسەرانە دیاریدەکات بەتایبەتیش نەیاری و ملّملانێی نێوان دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر بە خەلک و نەتەوە جیاوازەکان، لەم ڕۆمانەدا ( فەرەنسا ) وەک دەسەڵاتێکی سیاسی گونجاو دانراوە لە بەرامبەر پەنابەرانی وڵاتانی تر، جا ڕۆژئاوایی بن یاخود ڕۆژهەڵاتی، چونکە ئەگەر هەردوو کاراکتەر ( فەرهاد ) و ( محەمەدی حاجی زاد ) لە ژێر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی سیاسی عێراق و ئێران ڕایانکردبێت، ئەوا ( مسیۆ لووسیانا ) کە جولەکەیەکی بەرەگەز پورتوگاڵی بووە، بەهۆی زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی سیاسی پرتوگاڵ بەرامبەر بە جوولەکەکان، خێزانەکەی ئاوارەی فەرەنسا بوون، لێرەدا ئاماژەکان ڕوونن، کە سیاسەت چ ئاژاوەیەکی جیاواز لە نێوان نەتەوە و ئاینەکان دروست دەکات، و لە هەمان کاتیشدا ناتوانن بە بێ بوونی یەکتر هەنگاوی جدی بنێنن، چونکە دەسەڵاتە سیاسیەکان ئەگەر جیاوازیش بن بەڵام هۆکارێک هەبێت تاکو وڵاتان بە یەکتر ببەستێتەوە، ئەمە بە ئاشکرا نەبێت و بە ڕوونی بە بیروبۆچوونەکانیانەوە دیارنەبێت، ئەمەش نیشاندان و کۆکردنەوەی چەندین نەتەوەی جیاواز و ئاینی جیاوازە، لە وڵاتێک کە دەتوانن بە ئازادانە باس لە بیروباوەڕەکانیان بکەن، بەڵام لە چوارچێوەیی یاسایی

وڵاتدا، هەروەها نیشاندانی سیستەمی حوکمڕانی سیاسی، بەشێوەیەک کە هەمیشە لە ژێر ناوی ئیسلامدا، نەتەوەکانی خۆیان دەچەوسێننەوە، و ئەو سیستەمە سیاسیەش بەردەوامی هەیە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەوێوە ململانێیەکان دەگوازرێنەوە، هەر چەندە (لووسیانا) جوولەکەیەکی بەڕەگەز پورتوگاڵیە، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی گەشتەکانی بۆ (ئیسرائیل) گومان دەکرێت کە سیخورێکی سەر بەو وڵاتە بێت، و هەر ئەمەش وایکردووە، نەتوانێت بە سەفەرنامەکەی خۆی سەردانی ئێران بکات، بۆ بینینەوەی خۆشەویستەکەی، چونکە سیاسەتی ئەم وڵاتە ڕێگرە لەبەردەم زۆرێک لەو هاوڵاتیانەی کە سەفەرنامەکەیان فیزەی ئیسرائیلی لەسەرە.

**سێیەم: سیستەمی ئاینی:**

ئاین شێوازێکی کولتووریە، پەیوەستە بە بیروباوەڕی مرۆڤەوە لە کۆمەڵگەدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بیرکردنەوەی تاکدا هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە نێو هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا هەیە، جا چ ئاینی ئاسمانی بێت یاخود ئاینی زەوی، ئەم شێوازە کولتووریە توخمێکی جیاواز وەردەگرێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، مرۆڤ لەسەر بنەمای هێزی رۆح پەیوەست دەبێت بە ئاینەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە جیاواز بێت تا کۆمەڵگەیەکی تر، لەو ڕێگەیەوە لە کەسایەتیەکان دەگەین، (( ئاین ئەو جیهانەیە کە مرۆڤ باوەشی پیادەکات، باوەڕی بە حەقیقەت و بیرۆکە دیاریکراوەکانی هەیە، کە تیایدا دەخولێتەوە، و ناوەندی ڕوح تیایدا ئاسودە دەبێت، بەڵام هەر ئاینەو لە ناوەوە و دەرەوەی خۆی چەندین سنوری هەیە کە هاوبەشی یەکترن)) ( عبدالوهاب، ٢٠٠٠: ٢٥-٢٦ )، هەموو ئاینە ئاسمانیەکان، چەندین کۆڵەکەی سەرەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە گرنگترینیان بریتیە لە یەکتاپەرستی، ئەمە خاڵە هاوبەشە گرنگەکەیە، کە مرۆڤ هەنگاوی جدی بۆ دەنێت، لە پێناو گەیشتن بەو باوەڕەی هەیەتی، دەتوانین تیشک بخەینە سەر پێکهاتەی قوڵی کەسایەتیەکان و جۆری ئاین و بیروباوەڕەکانیان، هەر ئەمەش وا دەکات کە چەندین ڕەهەندی جیاواز وەربگرێت، چونکە ئاین ڕۆڵی زاڵ دەبینێت لە ڕێنوێنی کردنی تاک، و هاودەمی ڕەفتارەکانی دەبێت لە نێو کۆمەڵگەدا، بۆیە ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا ) بەدەر نیە لە شێوازی ئاینی جیاواز، چ لەسەر ئاستی کاراکتەرەکان بێت یاخود لەسەر ئاستی تێکڕای ڕۆمانەکە، کە هەندێک کات ڕۆماننووس پەنای بردۆتە بەر بەستنەوەی ڕووداوەکان بە یەکتری لەسەر بنەمایەکی ئاینی بە شێوەیەکی شاراوە.

کاتێک لە نێو ڕۆمانەکەدا چاوێک بە کەسایەتیەکان دەخشێنین، دەبینین کەسایەتییەکی ئاینی تێدایە ئەویش ( محەمەد حاجی زادە ) یە، کە مەڵایەکی شیعە مەزهەب بووە، و یەکێک بووە لە زاناکانی ( حەوزەی علیمیی تاران )، بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی و هەندێک کاری نابەجێ لە ئێران ڕایکردبوو، لەلایەن حوکمەتی ئێرانی لەسەر کردارەکانی لە مەڵایەتی دەرکرابوو، نووسەر ( فەرهاد پیربال ) لەم ڕۆمانەدا ئەوەمان نیشان دەدات کە پیاوانی ئاینیش بەهۆی کاریگەری هەستی سێکسی و هۆکاری ئابووری لە ڕێگادا لادەدەن، و لە کاتێکی کەمدا ناتوانن بەسەر خۆیاندا زاڵ بن، کاراکتەری ( محەمەد حاجی زادە ) لە نێو ڕۆمانەکەدا، وەک ئاماژەمان پێدا، مەڵایەکی شیعە مەزهەبی ئێرانی بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هۆی هەستەکانیەوە نەیتوانیوە زاڵ بێت بەسەر خۆیدا، و هەرچەندە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی مەڵایەتی دروستکردووە، چونکە هەر لە ڕێگادا بەرەو فەرەنسا چەندین جار دووچاری لادانی ئاینی بووە، بەتایبەتیش کاتێک لە ( شەمزینلی ) ئەو کچە کۆمەنسیتە ئێرانیە دەناسێت بە ناوی ( هومەیلا )، وا ڕێکدەکەوێت لەلایەن پۆلیس بە ژن و مێرد خۆیان بناسێنن، هەر لەوێدا لەلایەن کوردە قاچاخچیەکانەوە گرێبەستێکی قانوونی هاوسەرگیری دروست دەکەن، ئەمەش وایکرد هەردووکیان لە لایەن پۆلیسەوە لە ژوورێکدا دابنرێن، (( ڕۆژێک دەمەو عەسرێکی پایز، هێشتا زەنگی نانخواردنی ئێوارەیان لێ نەدابوو، لە ژوورەکەماندا بە یەکترەوە نووساین، ئیتر هەر ئەم بەیەکترنووسانە بوو... بەڕاستی بووینە ژن و مێردی یەکتر )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٩)، بە هۆی کارێکی هەڵەوە نەیتوانی بەسەر هەستی سێکسی خۆی زاڵ ببێت، لێرەوە ئاماژەیەکی ڕوونە، هەندێک مرۆڤ لەبەرامبەر هێزی هەستی سێکسی ناتوانێت خۆی بگرێت هەندێک جار ئەگەر بێت و کەسایەتیەکی ئاینیش بێت، مەرج نیە بۆ هەموو کەسایەتیەکی ئاینیش ئەمە ڕاست نەبێت، بۆیە سێکسی نابەجێ، یەکێکە لەو کارانەی کە لە ئاینی ئیسلامدا بە حەرام و قەدەغەکراو دانراوە،

لەلایەکی تر، یەکێک لەو کارانەی کە لە ئاینی ئیسلام ڕێگەی لێگیراوە، و بە نادروستی و ناشەرعی دانراوە ( سحر، فاڵگرتنەوە و قاوەگرتنەوە )یە، وەک چەندین کرداری تری دەرەوەی ئاین سەیردەکرێت، لە هەمان کاتدا ئەم کردارانە بە نابەجێ و قەدەغەکراو دانراون، و لە ڕووی ئاینیەوە ئەم کەسانە پەسند نین، بەڵام ( محەمەدی حاجی زادە ) بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی پەنا دەباتە بەر قاوەگرتنەوە و فاڵگرتنەوە، (( محەمەدی حاجی زادە فێربببوو دەچووە ناو داڵانە پانوپۆڕە گەورەکەی بەردەم کڵێسای نۆتردام

یان لە ناو باغی لووگزەمبوورگ.... خۆی سەرقاڵی دەست خوێندنەوە و فالگرتنەوە دەکرد... خەلک لانی کەم فرەنکێکیان دەدایە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٢٥ )، لە پێناو پەیداکردنی چەندین فرەنک، کارێکی دەکرد کە کاریگەری هەبوو لەسەر بیروباوەڕە ئاینیەکەی، ژیانی پەنابەران تەنیا ئەوە نییە وەک خەیاڵێک بێت، بەڵکو ڕاستەقینەیی دەردەخات کە چۆن لە تاراوگە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان، لە سیستەمە کولتووری وئاینیەکانیش لادەدەن، بە پشت بەستن بە ڕووداوەکان، دەتوانین کۆدەکانی دوای هەر کاراکتەرێک هەڵبدەینەوە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکەین، وەک ئەوەیە بەردەوام مرۆڤبوون لە هەڵوەشاندنەوە و دووبارە بنیاتناوە بێت، لە سەرێک خودی خۆی و لەسەرێکی تر هەڵدانەوەی پەردەیەک، بەمەش چەمکی مرۆڤبوون لە تاراوگە زیاتر وەک دیاردە ڕاستەقینەیەکەی ژیان دەردەکەوێت، یاخود لەلایەکی تر بە تەواوی پەیڕەوی ئاینی ئیسلامی دەکرد و هەوڵی دەدا ئەو کارانە بکات کە ڕێگە پێدراون، و لە ڕووی ئاینیەوە وەک چارەسەر دانراون، (( جارێک ئایەتی ( الروقیة الشرعیة )م لەسەر قاچی خوێند، بۆ ئەوەی ڕاچڵەکین و فرێدانی قاچی بەشەوان نەمێنێ، چاکم کردەوە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٣٥ )، کاتێک لە یەک کاراکتەری ئاینیی دوو بۆچوونی جیاواز دەبینین، جۆرێکە لە سیستەمی ئاڵوگۆڕی ناجێگیر، ئەمەش لە چوارچێوەیەکی دوو جەمسەریدا نیشاندانی ڕاستەقینەیی ژیانی تاکەکەسیە لە پێناو بەدەستهێنانی بژێوی ژیان، وەک مافێکی سەرەتایی لە تاراوگەدا.

هەندێک جاریش مرۆڤ ئامادەیە قوربانی بە ئاینەکەشی بدات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێک، بەتایبەتیش کاتێک ڕەفتارێک بێت، کە لە هیچ ئاینێک ڕێگە پێدراونەبێت، بەڵکو بە توندی دژی هەر ڕەفتارێکی لەو شێوەییە بوەستنەوە، بەڵکو دەبن بە بارودۆخێکی نەگونجاو بۆ کەسەکان، یاخود وەک هۆکارێکی هەڵگەڕاوە، کاتێک ( میسیۆ لووسیانا ) دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ( زیبا )، کە کچێکی ئێرانی بوو، لە بنەماڵەیەکی زەنگینی تارانی بوو، لووسیانا باوەڕی وابوو بۆ گەیشتن بە زیبا هەموو شتێک دەکات تەنانەت تا ڕادەی ئاین گۆڕین، (( دێمە سەر دینی ئیسلام لە بەر خاتری تۆ ... دەبمە شیعە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٥٣ )، یەکێک لە ئامادەیەکانی نێو دنیای ئاینی، پابەندبوونی تەواوەتیە بە هەموو بیروباوەڕ و تەواوی ڕێسای ئاینەکە، بەتایبەتیش ئاینی جوو، کە هەمیشە بە توندی دژی ئەو کەسانە بووە کە ئاینی خۆیان گۆڕیوە، یاخود هەوڵیان داوە بیگۆڕن، بەڵام لووسیانا لە پێناو مانەوەی لەگەڵ زیبا و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری ئامادەیە ببێتە ئیسلام، و هەروەها شیعە مەزهەبیش، ئەمە ئەو پەڕی عەشق و خۆشەویستیە، تێکەڵبوونە بە ڕوح، ئەم عەشقە وا دەکات کە هەمیشە لووسیانا بۆ گەیشتن بە مەعشووقەکەی، دەیەوێت لە هەموو ڕێگەیەک لابدات تەنانەت ئاینەکەشی و گۆڕینی ئاینەکەی، هەروەها جێهێشتنی فەرەنسا و مولک و سامان لە پێناو ژیان گوزەراندن لەگەڵ زیبای خۆشەویستی، ئەمە گەورەترین قوربانیدانە هەم بە ئاین، هەم بە کەسایەتی و بەهاکانی خۆشی.

یەکێکی تر لە سیستەمە شاراوەکان، کە نووسەر بەشێوەیەک باسی لێوە دەکات، تەواوکاری ئاینەکانە، چونکە ئاین وەک ڕێچکەیەکی بەردەوام بە دوای یەکدێن، و تەواوکەری یەکترن، هیچ ئاینێک لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیەوە ناتوانێت بە بێ ئاینی تر هەنگاو بنێت، شێوازێکە لە ئاڵوگۆڕی بیروراو، تێکەڵاوبوون، هەوڵدانێکە بۆ سەرەتایەکی پەیوەست بە یەکتر، کە مرۆڤایەتی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، ئەو ئاستە جیهانیە وێناکردنێکی واقیعیانەی نێوان ئاینەکانە، چونکە ئاینە ئاسمانیەکان هەموویان لە نێو یەک ئاستدا دەبینرێن ئەویش یەکتاپەرستیە، ئەمەش وەک ئەڵقەییەکی بەیەکەوە گرێدراو بوونەتە تەواوکەری یەکتری، هەر ئەمەشە لە هۆتێل ئەوروپا، فەرەنسا وەک ناوەندێکی کولتووری و فەرهەنگی ڕۆژئاوا، بۆتە ڕایەڵەی بەیەکگەیشتنی ئاینەکان، و لەوێدا چەقی کەسایەتیەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئاین بەسەریاندا زاڵە، جگە لەمە نووسەر بە شێوەیەکی نائامادەیی و شاراوە تیشک دەخاتە سەر ملّملانێی نێوان ئاییناکان، یان ئەمە بەشێوەیەکی ئاشکرا نەبێت، بەڵکو لە ڕێگەی بیروباوەڕی کاراکتەرەکانەوە بێت، وەک ئاماژەیەکی قوڵ بەشێوەییەکی سروشتی تیشکدەخاتە سەر ئەوە، کە لە نێوان ئاییناکان بە پێی کولتوور و جیاوازیەکان، هەندێک کات مرۆڤەکان نەتوانن لە نێو یەک بازنەدا ژیان بکەن، بەتایبەتیش نێوان لووسیانا و زیبا، هەردووکیان سەر بە دوو ئاینی جیاوازن، ئەمەش ڕێگریەکی بەردەوامە بەتایبەتی بەپێی بیروباوەڕی شیعە مەزهەبی، هاوسەرگیری و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە نیوان دوو کەسی ئاین جیا قەدەغەیە و دوورە لە کولتووری مەزهەبی شیعی.

بزواندنی هەندێک ئاماژە، وا دەکەن ڕووی ڕاستەقینەیی دەسەلات دەربکەوێت، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە چۆن لە ژێر پەردەی ئاینەوە دەسەڵاتەکانی دەسەپێنێت (( ئەم بەدبەختی و ڕیسواییەی ئەمڕۆ بەهۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەسەر خەلکی موسڵمانی ئێرانی و بەسەر دینی ئیسلامدا هاتووە ئەو پەڕی ئیهانەیە بۆ دینی پیرۆزی ئیسلام )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ٥٣ )، ڕوانگەی جیاوازی بیروباوەڕی ئاینی وەک شوێنگرەوەیەک خاوەنداریەتی کۆمەڵگە دەکات، بەڵام لە ژێر پەردەی ئیسلامەوە، بازنەیەکی نابەجێ دروست دەکات کە هەمیشە پێشمەرجە چەندین ڕێسای نادەستووری دەخاتە نێو خەلکەوە کە پەیڕەو بکرێت،

ئەمەش لە ڕژێمێکی دیکتاتۆری زیاتر نییە، هەروەها نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەیی هەندێک لە کەسایەتیە ئاینیەکان کە بەهەر هۆکارێک بێت، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بیر و دەروونی هەیە و لە شێوەییەکی واقیعی دەیگوازێتەوە بۆ نێو دۆخێک، کە زۆر جار خودی کەسەکەش باوەڕنەهێنێت بەو دۆخەی تیایکەوتووە، بەتایبەتی کاراکتەر ( محەمەدی حاجی زادە )، لە کۆتاییدا چوارچێوەی کەسایەتیەکەی دەگۆڕێت بۆ کەسایەتیەکی فێڵباز، کە ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانە هزرییەیە، کە بەسەر بیروباوەڕەکانیدا هاتووە، وەک خۆی دەڵێت (( مرۆڤی ئێرانی بێزاردەبێ هێندەی لە ئەوروپا هەر ئێرانەیانە بژیت، و ناشتوانێ )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٥٨ )، تا ئەو ڕادەیەی کەسایەتیەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە هەموو واقیعیەت و کولتووری فەرەنسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردووە، ئەوەیە کە پشتی ڕووداوەکان لە ڕێگەی ڕۆمانەکەوە پێمان دەگات، کە چۆن کولتوورە جیاوازەکان کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر هزر و کەسایەتیەکان دروست دەکەن، و بە ئاسانی دەتوانن زاڵ بن بەسەر ڕەسەنایەتی کەسایەتیەکان، هەروەها نووسەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی کەسایەتی ئاینیەوە، ڕەخنەی توند ئاراستەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران بگرێت بەتایبەتیش کاتێک ( محەمەدی حاجی زادە ) دەڵێت: (( ئەگەر سەرکردەکانی ئیسلام و ڕێبەرە موسڵمانەکان وڵاتەکانی ئێمەیان نەکردایەتە ئەو زیندانە گەورەیەی ئەمڕۆ، ئێمە بۆچی پەنامان دەبردە بەر وڵاتانی کافر لە ئەوروپا )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ٢٨ )، لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت پێمان بلێت، کە سیاسەت و ئاین دوو کولتووری جیاوازن، دەبێت هەر یەکەیان بە ئاراستە و ڕێبازی خۆی تێپەڕێت، و لە هەمان کاتدا هەژموون و باڵادەستی خۆیان بپارێزن، و لە نێو یەکتردا سیستەمە کولتووریەکانیان نەتاوێننەوە، بەڵکو دوو ئاراستەی جیاوازبن بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە، هەروەها گەڕانەوە بۆ مێژووی ئاینەکانی کۆن، و بەتایبەتیش خستنەڕووی هەندێ ڕەفتاری نادروستی قەدەغەکراو بەتایبەتیش نەتەوەی ( لوط ) کە چۆن دەستیان برد بۆ نێربازی، و کشانەوە لە سێکسی مێینە، کە ئەمەش بە تەواوی لە هەموو ئاینەکاندا قەدەغەیە، بەڵام لە دووبارە زیندووبوونەوەی ئەم کولتوورە بە ناوی ( هۆمۆسێکسوێل )، کە کاراکتەر ( محەمەدی حاجی زادە ) لە پێناو گەیشتن بە چەند فرەنگێک ئەم ڕەفتارە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کەسایەتی ئەو هەبوو، پێکهاتەکەی گۆڕی و بگرە لە دوای ئەم کارە دەستی برد بۆ خواردنەوەی بیرەش، کاتێک خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (( ئەم کارە گوناح نییە، چونکە لەسەر داخوازیی پیاوە هۆمۆسێکسوێلە فەرەنسییەکە خۆیەتی )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١١٢ )، پاساو هێنانەوە بۆ کردنی کارێکی دژە ئاین، و دووبارەکردنەوەی کولتوورێکی کۆنینەی نێو قەومەکانی پێشووتر، لای ئەم مەلا ئاینیە بۆ ئەوەییە کە بلێت من زۆرم لەکەس نەکردووە، بەڵکو خۆی ئامادەیی ئەوەی هەبوو لە پێناو خۆیشی ئەم کارەی کردووە.

**چوارەم: سیستەمی ئابووری:**

ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە، لە پێناو دەربڕینی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە سروشت، گەردوون و پەیوەندیەکانی لەنێو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاک و دەوروبەردا، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەست، و لە ژێر کاریگەری سیستەمی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری..هتد ئەو ژینگەیەی کە تێیدا سەرچاوەی گرتووە، پێناسەدەکرێت، لە هەمان کاتدا ڕۆمان بە درێژایی سەردەمەکان، هاوبەشی دەکات لە گواستنەوەی وێنەیەکی واقیعی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، هەر ئەمەش وایکردووە لە نێو ئەو چوارچێوە واقیعیەدا خۆی واڵانەکات لە پێناو گواستنەوەی ڕووداوەکان، و کاریگەری هۆکارە ئابووریەکان بۆ لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی و بەتایبەتیش ڕۆمان، کە هەڵقوڵاوی نێو ژینگەی کۆمەڵگەیە، (( چالاکیە کولتووری، فەلسەفی و ئەدەبیەکان سەر بە سەرخانن، ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دیاری کەری ڕوانگە و ستایلەکانە لە ئەدەبدا، ئەم پەیوەندیە لە نێوان ژێرخانی دیاری کەر و سەرخانی دیاری کراودا هەیە جێگەی سەرنجی ڕەخنەگرانی مارکسیەتە)) ( ئیجلتون، ١٩٩٢: ٢٠٩ )، هەر ئەمەشە وایکردووە کە پەیوەندیەکانی نێوان ژێرخان و سەرخان، دەبنە ئایدیۆلۆژیایەکی ئامادە بۆ ڕەخنەگرانی سەر بە ڕێبازی مارکیسیزم.

ئامادەیی سیستەمی ئابووری، لە نێو رۆمانی ( هۆتێل ئەورووپا ) پەیوەستە بەکۆمەڵێک ڕەفتار و هۆکاری جیاواز چ لە نێو نەتەوەی ڕەسەن و خاکی خۆی بێت، چ لە کاتی پەناهەندەیی بێت، ئەمەش بەپێی شوێنەکان جیاوازی بەرچاو دەکەوێت، یاخود بە پێی کولتووری شوێنەکان، هەر نەتەوەیەک بەپێی گۆڕانە سیاسیەکان، و هۆکارەکانی تر، دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانی خودی، و نەتوانین لە پێناو ژیانێکی ئاسودە و گونجاو بژین، خودی کەسەکان لەو ڕوانگەیەوە لە نێو دۆخێکی ناجێگیر و ناتەندروست دەژین، و کاریگەری بەسەر لایەنی دەروونیش دروستدەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی ناوەکی، و دابەشبوونی چینایەتی، لە پێناو بەرژەوەندیە مادیەکاندا، جگە لەمەش ئەو ژینگەیەی کە تاک تیایدا دەژێت چەندین ڕەهەندی جیاواز لە خۆ

دەگرێت، لەوانە؛ کۆمەڵگە، سیستەمی سیاسی، ئایین، ئابووری، کۆمەڵایەتی...هتد، هەریەک لەم ڕەهەندانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر تاک، واقیعی سیستەمی ئابووریش بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک هەیە، ئەمەش لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە نێو کۆمەڵگەدا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، کاتێک مومارەسەی ڕەفتارە جیاوازەکانی خۆی دەکات، جگە لەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر کولتووری گشتیدا دەبێت، کاتێک سەیری ئاماژە ئابووریەکانی مارکسیزم دەکەین، بەتایبەتیش جیاوازی چینایەتی لەسەر بنەمای جیاوازی ئابووری دروست دەبێت، جیاوازەیەکانی خەلک لە نێو کۆمەڵگەدا دیاری دەکات، ئەم دابەشبوونەش کاریگەری لەسەر کولتووره جیاوازەکان دەبێت، (( حوکمی دیفاکتۆ تاکی ملکەچ بۆ فشاری ئابووریی دروستدەکات )) ( بالیبار، ٢٠١٦: ٤٢ )، بازنەی ئابووری، تاک بەرەو ئاراستەیەکی دیارینەکراو دەبات، بەتایبەتیش لە پەیوەستبوونی بە چەندین بیروبۆچوونی تاکی خۆی دەیخاتە نێو چەندین فشاری جیاواز، بەتایبەتیش فشاری ئابووری، کە کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر گۆڕانکاریەکانی تاک، و بەتایبەتیش لە ڕووی کولتووریەوە هەنگاوی سەیر سەیر دەنێت، تا دەگات بەو ئاستەی لە خودی خۆی دادەبڕێت، و دەیکات بە کەسێکی تر، کاتێک دەبینین کە هۆکارە ئابووریەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری تاك دەبێت، بەتایبەت ( محەمەدی حاجی زادە ) ملکەچی دەکات بۆ چەندین گۆڕانکاری سەیر سەیر، کە ئەمانەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە ئابووریەکان، (( بەرپرسی یەکەمی برسێتی و بەدبەختی ئێمە ئەمەریکا و خودی ڕژێمە ئەوروپییەکانن نەک ئێمە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ٦١ )، لێرەدا ئاماژەیەکی ڕوونە، کە وڵاتانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بە ئاشکرا دەست بۆ هەرچی سامانە سروشتیەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتە دەبەن، و هەموو پەیوەندیە واقیعیەکان ڕەتدەکەنەوە کە بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی سەروەت و سامانی وڵاتانی تر، هەر ئەمەشە وایکردووە کە محەمەدی حاجی زادە ئاماژە بەوە بکات، کە هیچ هۆکارێکی ناوەکی نین لە ناسەقامگیری سیستەمی ئابووری وڵات، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپا.

کاتێک زیاتر بە نێو ڕۆمانەکەدا ڕوودەچین، دەبینین کاریگەریە ئابووریەکان هێندە زۆر دەبن تا دەگاتە ڕادەی کاریگەری دروستکردن لەسەر پێگە و بیر و ئایدیۆلۆژیای کاراکتەرەکان، لەم ڕوانگەیەوە، باشترین نمونە ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکارێکی ئابووری، تا ئەو ڕادەیەی پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ زاڵبوون بەسەر کاراکتەرەکان، و هەڵگەڕانەوە لەو بیروباوەڕە بەهێزانەی کە هەیانبووە، بەتایبەتی ( محەمەدی حاجی زادە )، کە یەکێک بووە لە پیاوە ئاینیەکان، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئیقامە وایکردووە کە لەسەرەتای مانەوەی لە فەڕەنسا کارێکی گونجاوی دەستنەکەوێت (( ڕۆژ تا ئێوارە لە چێشتخانەیەکدا بەردەوام قاپی دەشووشت ئینجا پەنجا فرەنکی وەردەگرت )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١١٣ )، نەبوونی سەرچاوەیەکی داهاتی باش و بژێویەکی شایستە، کەسایەتیەکەی لاواز دەکات، و لەبەرامبەردا کارکردن لە شوێنێک کە لەگەڵ تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەودا گونجاو نییە، بەڵام هیچ هەڵبژاردنێکی نەبوو، لە هەمان کاتدا کەسایەتی لەکەدار دەکات، دەبێت بە کەسێکی فێڵباز، و دۆخی دەروونی ناجێگیر دەبێت، تەنانەت پەنا دەباتە بەر کرداری سێکسی ( هۆمۆسێکسوێڵ ) بەرامبەر دەستکەوتی چەند فرەنکێک، کاتێک مرۆڤ لە نێو جەنگی ئابووریدا هیچی دەستناکەوێت، و دەکەوێتە دۆخێکی وەها، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانیش دەبێت، کاتێک نیگارکێش ( عەلی روبەیعی ) لە ترسی جەنگ ڕایکردبوو، لە کەمپی پەناهەندەکان لەلایەن بەرپرسی ئەو کەمپە داوای لێدەکرێت وێنەیەکی خومەینی بکێشێت لەبەرامبەر بەدەستهێنانی بڕە پارەیەک، (( ئەگەر ئەم وێنەیەی ئیمام خومەینی لەسەر دیواری چێشتخانەکە رەسم بکەی سەد ملیۆن تومەنت پێدەدەم کە بەشی دوو پلیتی باڵەفڕەی چوونە ئەوروپا دەکا )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١١٠-١١١ )، لە دواییدا ( عەلی ) ئەم کارە دەکات، گواستنەوەی ملمڵانێی لەسەر بنەمای نەتەوەیی کاریگەری لەسەر ئایدیۆلۆژیای کەسایەتیەکەی هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی زۆرێک لە پێکهاتەکانی گواستۆتەوە بۆ نێو دۆخێکی نەگونجاو، و بێهەڵوێستی بەرامبەر بیری نەتەوەیی، (( مارکسیزم دەستنیشانی ئەو فاکشنانە دەکات، کە شەرعیەت دەدەن بە چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەدا، لە پێناو چەسپاندنی ئایدیا زاڵەکانی خۆیان، و کاریگەری دروستکردن لەسەر گۆڕینی ئایدیۆلۆژیای تاک )) (Eagleton, 2002: 5)، سیستەمی ئابووری ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ڕوحیەتی مرۆڤایەتیە، بۆ دەربازبوون لەو تاوانانەی کە دەخرێنە پاڵی، لە هەمان کاتدا خاوەنداریەتی ئەو ناشیرینیانە دەکات کە لەلایەن سیستەمی ئابووری سیاسی داکۆکی لێدەکرێت، لەوە تێدەگات کە ئاژاوە و نایەکسانی نێو کۆمەڵگە لە ڕووی مادیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە نارێک و مەترسیدارەی دەسەڵاتی ئابووری، کە تەنیا گرنگی بە مادی دەدات، لەبەرامبەردا هەموو بەها ڕوشتیەکان وەڵادەنێت، هەر ئەمەشە کاریگەری دەبێت لەسەر بەها ڕەوشتیەکان (( هەموو جارێک سێسەد وپەنجا فرەنکەکە وەردەگرم و ڕێک دەیخەمە باخەڵی خۆمەوە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٨٠- ١٨١ )، بەها کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتیش ئەو بەهایانەی کە مرۆڤ لە پێگەیەکی باش دەهێڵنەوە، بەها ڕەوشتیەکانن، بەڵام سیستەمی ئابووری کاریگەریەکەی لەسەر ( محەمەدی حاجی زادە ) وایکردووە، کە ببێت بە

کەسێکی دز، بەتایبەت وەرگرتنی ئەو پارەیەی لە پیاوان و ژنان بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی بۆ ماوەیەکی کورت سەردانی هۆتێلەکە دەکەن، و لەبەرامبەردا ژوورەکەیان پێدادات و پارەکە دەخاتە گیرفانی خۆی، ئەمەش هەمر دەچێتە قاڵبی خیانەت و دزی.

پێچەوانەی کاراکتەر ( محەمەد حاجی زادە )، لەبەر بوونی ئیقامە ( فەرهاد ) توانیویەتی لە ڕێگەی کارکردن لە هۆتێلەکەی ( لووسیانا ) و فرۆشتنی تابلۆکانییەوە داهاتێک بەدەستبهێنێت، تا ڕادەییەک سیستەمی ئابووری کاریگەری لەسەر کەسایەتیەکەی دروست نەکردووە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر پەنای بردووەتە بەر گەڕان و ناردنی تابلۆکانی بۆ دەرەوەی فەرەنسا، (( من هەموو ساڵێک بڕێک پارەی باشم لە ڕێگەی فرۆشتنی تابلۆکانمەوە لە سان فرانسیسکۆوە دەست بکەوێت )) ( هۆتێل ئەوروپا، ۲۰۲: ۱۲۸ )، ئەمەش پاش ئەو ڕێکەوتنە دێت، کە لە ڕێگەی ( محەمەد )ەوە لە نێوان ( فەرهاد ) و ( ساقی گوڵچین ) ڕوویداوە، لەو ڕێگەیەوە ئەدەب و هونەر هەڵگری بیری ئابوورین، ببێتە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان، دەتوانین بڵێین کە هونەر و ئەدەب لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە ڕێگەی ئازادی تاکە کەس و سەربەخۆیی مرۆڤ، دەتوانێت سودێکی ئابووریشی دەستبکەوێت، بەتایبەتی لەسەر بنەمای ڕەهایی ئازادی کەسی و بێ بوونی سانسۆر، ئەمەش ڕەنگدانەوەی واقیعیەتی کۆمەڵگە نیشاندەدات، هەر ئەمەش وایکردووە کە زیاتر بە دوای سەربەخۆیی هەنگاو بنێت، و بتوانێت لەو ڕێگەیەوە زیاتر داهاتێک بەدەستبهێنێت، کە باوەڕی پێیەتی.

**پێنجەم: سیستەمی دەروونی:**

نامۆبوون، وەک دیاردەییەکی دەروونی، هەمیشە کاریگەری لەسەر مرۆڤدا جێدەهێڵێت، بەتایبەتی لە زەمەنی هاوچەرخدا مرۆڤ بەشێوازی گۆڕانی دراماتیکی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا و پێکهاتەکانی بوونی کۆمەڵایەتیدا وەرچەرخانێکی نوێ ڕووی تێدەکات، چەمکی نامۆبوون وەک هاوکێشەییەک لە بەرامبەر چەندین شەپۆڵی گەورەی ژیاندا دووچاری مرۆڤ دەبێتەوە، بەتایبەتی ئابووری، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریە کولتووریەکان، ئەمەش ئاسان نییە بەڵکو کاریگەری دەبێت لەسەر مانا و تایبەتمەندیەکانی ژیانی تاک، (( نامۆیی بە واتا گشتییەکەی بارودۆخێکی بەسەراسەپێنراوە لە بوونی مرۆڤدا، کە مرۆڤ لە بوونی ڕاستەقینەیی خۆی دووردەخاتەوە )) ( نقشبندی، ۲۰۰۲: ۱۰ )، وەک دیاردەیەکی سەپێنراو، زۆرترین جار کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەبێت، و وەک بێگانەیەک دەچێتە دۆخێکی ناڵەباری دەروونی، بەتایبەتیش نامۆیی شوێن، دوورکەوتنەوە لە زێدی خۆی، (( لە هەموو ئەو شتانە دادەماڵرێت، کە دەیبەستێتەوە بە ژیان و فەزای دەرەوەی خۆی. لە دنیای ناوەوەیدا ڕیتمەکانی خەمر و ناخۆشی دەجووڵێنێت )) ( دحمانی، ۲۰۰۵: ۵۱ )، زۆر جار ئەمر نامۆیە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و واقیعیدا بەسەر بیر و هزری کەسەکە زاڵ دەبێت، و نائارامیەکی درێژ باڵدەکێشێت بەسەریدا، بۆیە نامۆیی وەک دیاردەیەکی نێو سیستەمی دەروونی بەسەر تاکدا دەبێتە خاڵێکی لاوازی ژیان، لەو ڕوانگەیەوە کارل مارکس دەڵێت: (( نامۆیی ئەو ئەزموونەیە تاک جیادەکاتەوە لە بوونی خۆی و کۆمەڵگەدا )) ( سلامی، ۲۰۰۰: ۱۹ )، کەواتا نامۆیی دۆخێکی سایکۆلۆژی بەردەوامە کە مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە خود و دەوروبەردا و ئەزموونێکی تاڵی تاکە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.

کاتێک بە نێو ڕووداو و کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانی ( هۆتێل ئەورووپا ) هەنگاو دەنێین، دەبینین بە هۆی دۆخە جیاوازەکانی پەنابەرانەوە زۆرێکیان دووجاری نامۆیی هاتوون، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی لە نێو زمانی کاراکتەرەکاندا هەیە، (( پەناهەندە هەر پانەهەندەیە ئەگەر وەزیر بێ، ئەگەر مەلا، ئەگەر نیگارکێش )) ( هۆتێل ئەوروپا، ۲۰۲۰: ۵ )، نامۆیی لە مرۆڤدا خۆرسک نییە، بەڵکو لە سەردەمر و قۆناغی جیاوازی ژیاندا باڵی بەسەر دەکێشێت، هیچ جیاوازیەک ناکات لە نێوان کەسایەتی و جۆری کەسەکان، ئەو دۆخە سیاسی و ئابوورییەی کە دووچاری کاراکتەرەکان دەبێت، ناچار دەبن بە جێهێشتنی وڵات، و مانەوە و جێگیربوون لە تاراوگە خودی خۆی مانایەکی تری نامۆبوونە، هەمر لە ڕووی دەروونی و هەمیش لە نێو دەوروبەر و کۆمەڵگەی ئەوروپی، جگە لەمەش نامۆبوون بە کولتووری جیاواز، هەموو شوێنێک بۆ پەناهەندە وەک زیندانە، دەیبەستێتەوە بە فەزایەکی وا کە جوڵەیەکی دەروونی ئاراستەی دەکات (( من مردم لە ناو ئەمر زیندانە، ناتوانم چیتر چاوەڕێ بکەمر )) ( هۆتێل ئەوروپا، ۲۰۲۰: ۲۰ )، دیوی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ لە بارێکی فیزیکیدا، دۆخێکی ناسەقامگیر و ناسایکۆلۆژیای لا دروست دەبێت، بەتایبەتی لەو دۆخەی کە ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت، هەموو شوێنێک وەک زیندان وایە، چونکە ناتوانێت بە ئازادی هەنگاوەکانی بە دروستی بنێت، ئەو دۆخە نا ئارامیە لە نێو ڕووداو و کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بەڕوونی دیارن، بەتایبەتیش لەسەر زاری کاراکتەر ( محەمەد حاجی زادە ) کە چۆن مرۆڤایەتی ڕۆژهەلاتی بە نامۆیی دەبینێت (( ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵات زۆر گوناحین، عەینەن ئادەمر کە لەبەهەشت دەرکرابین )) ( هۆتێل ئەوروپا، ۲۰۲۰: ۲۷ )، بەرجەستکردنی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە وایکردووە کە تەواوی دەسەڵاتی نامۆیی بەسەر

کەسایەتیەکان زاڵبوویێت، لە هەمان کاتدا، هەموو کردە پێچەوانەیەکان کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنی دروستدەکەن، کاتێک کاراکتەر لە نێو دۆخێکی ناهەمواردا و لە تاراوگەدا خۆی دەدۆزێتەوە، هێندەی پێویستی بە هەلسوکەوتێکی ئەرێنی بێت، کە هەموو کاردانەوەکانی بەرامبەر بە مرۆڤ هەڵگەڕێتەوە بۆ دۆخێکی سەراپا بەختەوەری، (( بەختەوەری ئەمەیە ئیتر، لەوانەیە لە سڵاوێکەوە دەست پێ بکا، بەدبەختیش بەهەمان شێوە.. ژیان .. ئەوهایە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ٣٩ )، پێچەوانەی بەختەوری نامۆیە، هەمیشە چەشنی ئاژاوەیەکی دەروونی دۆخێکی نائارام تووشی مرۆڤ دەبێت، یاخود ئەم نامۆیە تووشی کەموکورتی دەروونی دەکات.

لەلایەکی تر سیستەمی شاراوەیی نامۆبوون، دیاردەیەکی ناجێگیرە،چونکە کولتوورەکان هێندە کاریگەری دروستدەکەن بەسەر کەسایەتیەکان، تا دەگاتە ڕادەی دروستبوونی نامۆیی، بەمەش زیاتر کولتووری خۆی لەدەستدەدات و دەستدەگرێت بە کولتوورێک، کە گونجان و دروستکردنەوەی سەر لەنوێی قورس بێت، یاخود هەڵگری بیروباوەڕێکی وابێت کە دووبارە نەتوانێت دۆخێکی دروستی کولتووری بۆخۆی دروستبکاتەوە، بەمەش سەردەکێشێ بۆ نامۆبوونی کولتووری، هەرچەندە تێکەڵاوبوون لەگەڵ نەتەوەیەکی جیاواز، یاخود کولتوورێکی جیاواز خۆگونجاندنێکی بەرهەمهێنەری دەوێت، چونکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی تەندروست هەیە بۆ کولتووری دژ یاخود پێچەوانە، لەسەر زاری ( محەمەد حاجی زادە )باس لەوە دەکات (( من وای تێدەگەم بۆ ئێمەی موسڵمانی ئاوارەی ئەوروپا پاراستنی ڕەوشت و کلتووری ئیسلام لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر گرنگترە )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ٦٢ )، گومانی تێدا نییە پاراستنی کولتوور لە نێو فرە کولتووری تاراوگە ئەرکە، بەڵام ئەم دۆخە لە نێو دژە کولتوورەکان قورسایی دروستدەکات، چونکە جیاوازی گەورە لە نێوان کولتوورەکان هەن، بنیاتنانەوەی کولتووری نەتەوەیی و ئاینی هەندێکجار داڕمانێکی گەورەی بەدواوەیە بەتایبەت لە تاراوگەدا، بەڵام هەمان کەس لە نێو نامۆیدا کولتووری خۆی لەدەست دەدات و بێ ئەوەی هەست پێبکات دژە کولتووری ئەوروپی پەیڕەو دەکات، (( مرۆڤی ئێرانی بێزار دەبێ هێندەی لە ئەوروپا هەر ئێرانیانە بژیت )) ( هۆتێل ئەوروپا، ٢٠٢٠: ١٥٨ )، ئەم بیرکردنەوەیەی ( محەمەدی حاجی زادە ) وایکردووە، هەمان کەس خودی خۆی تێکەڵ بە کولتووری ئەوروپا بێت و چێتر وەک ئێرانیەک نەژیت، بەڵکو ئەو دژە کولتوورانەی هەن پەیڕەویان بکات، بۆ ئەوەی چەندین دەستکەوتی مادی و مەعنەوی دەستبکەوێت، بەتایبەتی کاتێک دەست بۆ چەندین کاری نابەجێی و نەشیاو دەبات، ئەمەش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی بێهێزی ئابووری کەسایەتی، وەک مارکس ئاماژە بەوە دەکات (( کرێکارەکان لەلایەن خاوەن کارەکانیان دەچەوسێنرێنەوە، کە ئامرازی بەرهەمێنانیان هەیە، ئەمەش وا دەکات کە کرێکارەکە هەست بە نامۆیی بکات لە کارەکەیدا )) (أیزابرجر، ٢٠٠٣: ٣٨).

کەواتا دەتوانین بلێین، لایەنە ئابوری و کولتوورییەکان، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە نامۆیی لە نێو کۆمەڵگەدا، تاک بەهۆی دۆخە نائاساییەکانەوە تێڕوانینی جیاواز دەبێت بۆ بەرامبەر، کەواتا دەرکەوتە ڕەفتارییەکان لە نێو خودی کەسایەتیەکان لە نێو ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا ) دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە نامۆیی گۆشەیەکی زیندووی فراوانە، و نیگەرانیەکان بە زمانی جیاواز دەوروژێنرێن، بە نێو قوڵایی ڕوحی هەر یەکێک لە کاراکتەرەکاندا لایەنە شاراوەکان زاڵترن، بەڵکو وێنەی ئازارەکان بەشێوەیەک گواستراوەتەوە، لە ناخی هەمووواندا هەڵچوونێکی نامۆیی دیار ڕەنگدەداتەوە، تا دەگەنەوە بە ئاستی خۆیان و نێو نیشتمانی خۆیان ئەم نامۆیە هەر باڵ بەسەر کەسایەتییاندا دەکێشێت.

**٧-ئەنجامەکان:**

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا لە سەر ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا ) گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١-ڕۆمانەکە هەڵگری چەندین پەیامی شاراوەی سیستەمی کولتووریە، کە ئەمەش لە نێو خودی کاراکتەرەکان بەرچاو دەکەوێت، کە چۆن ئەم سیستەمە کولتووریە شاراوانە بوونەتە بەرهەمهێنانی دەقی ڕۆمانی ( هۆتێل ئەوروپا )، بەتایبەتی ئاراستە گۆڕی کولتووری لە نێوان نەتەوە جیاوازەکان، و کەسایەتیەکاندا هەرچەندە ئاینیشیان جیاوازبێت.

٢خۆحەشاردانی چەندین سیستەمی زاڵ و سیستەمی شاراوە لەم ڕۆمانەدا، بەتایبەتی سیستەمی سیاسی، ئاینی، نامۆیی، کۆمەڵایەتی...هتد، دەرچەیەکن تا لەوێوە هەموو جووڵە کاریگەرەکانی سیستەم بەسەر تاکدا ئاشکرا بکرێن، بەتایبەتی هێزی زاڵی کولتوورە ڕۆژئاوایەکان کە توانایان هەیە هەموو کولتوورەکان تێکبشکێنن و مرۆڤی ڕۆهەڵاتی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

٣-ڕووداوەکان و کاراکتەرەکان هەڵقولاوی نێو کولتوورن، بەتایبەتی ئەو سیستەمە کولتووریانەی کە ئامادەیان هەیە بۆ ڕێکخستنیان، توخمەکانی کولتوور لە گێڕانەوەی ڕابردووی ڕووداوەکان بەرەو داهاتوو ئاراستە دەکات، کە چۆن لە کۆتایدا هەموو

سیستەمە کولتووریەکان زنجیرەیەکی بەدوای یەکن توخمە کولتووریەکان تەنها بیرهێنانەوەیەک نییە، بەڵکو ڕێچکەیەکی بەردەوامی نێو کۆمەڵگەن.

٤- بەهۆی جووڵە و پەناهەندەیەوە دۆخی کاراکتەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتووری زاڵی ڕۆژئاوایی، لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی ڕوون ئەو گۆڕانانە بەرچاو دەکەون و ئاراستەی دۆخی کاراکتەرەکانیش گۆڕیوە، بەتایبەتی لە ڕووی ئابووری و دەروونیەوە.

٥- لەم ڕۆمانەدا بە ئاشکرا تەوژمی کولتووری رۆژئاوایی و کاریگەرییان بەسەر تاکی ڕۆژهەڵاتی، کە بۆتە هۆی دوورخستنەوە لە تەواوی سیستەمە کولتووریە ڕەسەنەکان و پەنابردنە بەر کولتووری بێگانە، و لەهەمان کاتدا بەریەککەوتنی کولتوورەکان، بە ئاشکرا دیارە.

٦-لە شیکردنەوەی ڕۆمانەکەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە هەموو سیستەمە کولتووریەکان پەیوەندیەکی پتە و تەواوکەریان بەیەکەوە هەیە و ئاوێتەی یەکتری دەبن و لە یەکتری جیاناکرێنەوە.

### ٨-لیستی سەرچاوەکان

**-بەزمانی کوردی**


-ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد ( ٢٠١٥ )، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.

- امامی، د.نصرالله ( ٢٠١٨ )، بنەماو میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەگێڕانی: د.هیمداد حسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

-بالیبار، ئەندریێ تۆزێل، سیزار لۆپۆرینی، ئیتیان ( ٢٠١٦ )، مارکس و ڕەخنەی سیاسەت، وەرگێڕانی: هاوار محمد، چاپی یەکەم ،سلێمانی، دەزگای ئایدیا.

- پیربالْ، فەرهاد (٢٠٢٠ ). هۆتێل ئەورووپا، تاران، چاپی سێیەم، کولتوور بۆ چالاکی ئەدەبی و فەرهەنگی.

- خەلیل، د. ابراهیم مەحموود ( ٢٠١٧ )، ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ، وەرگێڕانی: د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، کەرکوک، ناوەندی هونەری و ڕۆشەنبیری دیالۆگ.

-خۆشناو، سەرباز مەجید ( ٢٠١٩ )، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد رەفعەتدا، چاپی یەکەم، هەولێر نوسینگەی تەفسیر.

- داڤید، دایینی، دەچز، ئەبرامز،ڕۆبێرت( ٢٠٠١ )، ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەتا قەرەداغی، چای یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.

- ساڵح، قاسم حسین، ( ٢٠٠٢ )، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، وەرگێڕانی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سڵێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- مەنتک، حەمە ( ٢٠١٨ )، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- محەمەد، ئارام ( ٢٠٢١ )، ئادۆرنۆ و ڕەخنەی کولتووری، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ڕوسا.

-- نقشبندی، غیاثدین ( ٢٠٠٢ )، نامۆیی، چاپی یەکەم ئوسترالیا، north east print

طقوس، د. بسام ( ٢٠١١ )، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د. محەمەد تاتانی،چاپی یەکەم، سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری.


**-بە زمانی عەرەبی**


ئیجلتون، تیری ( ١٩٩٢ )، النقد و الیدیولوجیة، ترجمة، فخری صالح، الطبعة الاولی، عمان، المکتبة الوطنیة.

أیزابرجر، ارثر ( ٢٠٠٣ )، النقد الثقافي تمهید مبدئي للمفاهیم الرئیسیة، ترجمة، بسطاویسی, وفاء ابراهیم و رمضان، الطبعة الاولی،القاهرة، المرکز القومی.

- اصطیف، عبدالله الغدامی و عبدالنبی ( ٢٠٠٤ )، نقد الثقافی امر نقد الادبی، الطبعة الاولی، دمشق، دار الفکر.

- البازعی، میجان الرویلی و سعد، ( ٢٠٠٤ )، دلیل الناقد الادبی، الطبعة الاولی، المرکز الثقافی العرب.

- الذوادی، محمود، ( ٢٠١٠ )، المقدمة في علم الاجتماع الثقافي برؤیة عربیة إسلامیة، الطبعة الاولی، مصر، الموسسة الجامعیة -للدراسات و النشر و التوزیع.

- الرباعی، عبدالقادر (٢٠٠٧ )، تحوڵات النقد الثقافی .، الطبعة الاولی، الجزائیر، دار جریر.

- الغذامی، عبداللة ( ٢٠٠٠ )، النقد الثقافي قراءة في األنساق الثقافیة العربیة، الطبعة الاولی، بیروت، المرکز الثقافي العربي.

- الغذامی، عبداللة ( ٢٠٠٥ )، النقد الثقافی، الطبعة الاولی، بیروت، المرکز الثقافی العربی.

- بارت، رولان ( ٢٠٠٢ )، الکتابة في درجة الصفر، ترجمة محمد ندیم، الطبعة الاولی،حلب، مرکز الإنماء الحضری.

- بریور، ماري نوال غاري ( ٢٠٠٧ )، المصطلحات المفاتیح فی اللسانیات، ترجمة: عبد القادر فهیم الشیباني، الطبعة الاولیی،الجزائیر.

- حمداوی، جمیل ( ٢٠١٠ )، نظریات النقد الادبی فی مرحلتها ما بعد الحداثة، الطبعة الاولی، سیدنی، موسسة المثقف العربی.

- حمداوی، جمیل ( ٢٠١٦ )، الانساق الادبیة و الثقافیة بین الثبات و التحول، الطبعة الاولی، المغریب، دار الریف للطبع والنشر الالکتروني.

- حمودة، د. عبدالعزیز ( ٢٠٠٣ )، الخروج من التیة، الطبعة الاولی، الکویت، مطابع السیاسة.

- خلیل، د. سمیر ( ١٩٧١ )، دلیل مصطلحات الدراسات الثقافیة و النقد الثقافی، الطبعة الاولی، بیروت، دار الکتب العلمیة.

- دحمانی، حمة ( ٢٠٠٥ )، ظاهرة الغربة فی شعر مفدی زکریا، الطبعة الاولی، الجزائر، کلیة الاداب و للغات.

- سعدالله، د. محمد سالم ( ٢٠٠٧ )، الاسس الفسلفية لنقد مابعد البنيوية، الطبعة الاولى، سوريا، دار الحوار للنشر و التوزيع.
- سلامى، سميرة ( ٢٠٠٠ )، الاغتراب فى الشعر العباسى، الطبعة الاولى، ديمشق، دار الينابيع.
- عوف، د. طلعت منصور د. أنو الشرقاوى و الاخرون ( ٢٠٠٣ )، آسس علم النفس العام، الطبعة الاولى، القاهرة، المكتبة الانجلو المصرية.
- عبدالوهاب،عبدالله ( ٢٠٠٠ )، الأيديولوجيا واليوتوبيا فى الأنساق المعرفية المعاصرة، الطبعة الاولى، القاهرة، جامعة الاسكندرية.
فوكو، ميشيل ( ٢٠٠٦ )، همر الحقيقة، ترجمة، مصطفى مسناوى و مصطفت كمال، الطبعة الاولى، الجزائير، منشورات الاختلاف.
- قطوس، بسام ( ٢٠٠١ )، سيمياع العنوان، الاردن، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة.
- كاظم، نارد ( ٢٠٠٤ )، تمثيلات الآخر صورة السود في المتخيل العربي الوسيط، الطبعة الاولى، بيروت، دار الفارس للنشر و التوزيع.
- ليتش، فينست ( ٢٠٠٠ ) النقد الادبى الامريكى، ترجمة، محمد يحى،القاهرة، المجلس الاعلى الثقافية.
- لالند، اندرية ( ٢٠٠١ )، موسوعة لالاند الفلسفية، ترجمة، خليل احمدخليل،بيروت-باريس، عويدات للنشر والطباعة.
- وادى، طه ( ٢٠٠٣ )، الرواية السياسية، الطبعة الاولى، القاهرة، الشركة المصرية العالمية للنشر لونجمان.
- يوسف، عبدالتفاح احمد ( ٢٠١٠ )، لسانيات الخطاب وانساق الثقافة، الطبعة الاولى، الجزائر، الدار العربية للعلوم ناشرون.

**-بە زمانی ئینگلیزی**

Barker, chris ( 2004 ), The SAGE Dictionary of Cultural Studies, London, saga puplication.
bradford j. hall, patrica o. covarrubias, kristin a. krischbaum ( 2018 ). among cultures. new yorK, routledge.
E.Cain, William ( 2017 ), literary criticisn and cultural theory. new york, routledge.
Eagleton, teery( 2020 ). Marxism and Literary Criticism, new york.

**-گۆڤارەكان بە زمانی عەرەبی**

- خضور، د. وليد ( ٢٠١٨ )، النقد الثقافى مرجعيات و تطبيقات، مجلة قراءات، العدد الحادى عشر، الصفحة ٣٣.
- صبكانجاسم حميد جودة الطائي، هبة محد ( ٢٠١٥ )، الأنساق الثقافية في أدب بلاد الرافدين .مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية ,العدد (٢٣) ,ص١٧٨٩ .

**رواية (فندق اوروبا) لفرهاد بيربال فى منظور النقد الثقافي**

**سيروان واحد خضر**
كلية التربية الاساس/ قسم اللغة الكوردية
جامعة الصلاح الدين
Sirwan.khzhr@su.edu.krd

**فرهنگ مظفر محمد**
كلية التربية الاساس/ قسم اللغة الكوردية
جامعة الصلاح الدين
farhang.muhamad@su.edu.krd

**ملخص**

هذه الدراسة بعنوان (رواية (فندق اوروبا) لفرهاد بيربال فى منظور النقد الثقافي)، محاولة لعرض و بيان النسق المضمرة في هذه الرواية. النقد الثقافى تحرى الانساق المضمرة فى النص الادبى أحد تيارات النظرية الحديثة فى مجال النقد الادبى. يتالف هذه الدراسة من جزئين، الجزء الاول خاص بجانب النظري، الذي نحاول التركيز على مفهوم وتعرف على مرجعياتها و بيئتها و سلطنها المعرفية، وتعريف الانساق الثقافية. أما الجزء الثاني يتخص بجانب التطبيق و الذي نقوم بابراز و تحليل رواية (فندق أوروبا) وكشف عن النسق الموجود فى هذه الرواية فى النقد الثقافي ، ثم نلخص النتائج في عدة نقاط ، مع تصنيف و ترتيب المصادر و المراجع، و فى النهاية ترجمت خلاصة الدراسة إلى اللغة العربية و اللغة الإنجليزية.

**كلمات المفتاح:** النقد الثقافى, نسق، النسق الثقافى، رواية فندق أوروبا.

**The novel (Europe Hotel) by Farhad Pirbal in the perspective of cultural criticism**

**Sirwan Wahid Khzhr** **Farhang Muzaffar Muhammad**
College Basic of Education, Kurdish Department, Salahaddin University-Erbil
Sirwan.khzhr@su.edu.krd farhang.muhamad@su.edu.krd

**Abstract**

This research under the title of (Farhad Pirbal's Novel (Hotel Europe) from the perspective of cultural criticism), an attempt to show and reveal the hidden texts in the novel, cultural criticism is one of the new theoretical trends in the world of literary criticism Yes, our research consists of introductions and two sections, the first part is specific to the theoretical side. In this section, we have tried to focus carefully on the concept, definition and history of the cultural criticism, and the definition of cultural impurity and insufficiency, and the second part is specific to side, namely by presenting and analyzing the novel (Hotel Europe) and revealing the origins of the novel in terms of cultural criticism. The results were then presented in a number of points, including classifying and sorting the sources, and finally translating the summary of the study into Arabic and English.

**Keywords**: cultural criticism, system, system of cultural, Roman Hotel Europe